# راپۆرتی سێهەم چاودێری ڕەوشی مافەکانی
# مرۆڤ لە بنکەو گرتووخانەکانی پۆلیس لە پارێزگای سلێمانی

**پێشەکی:**

لە ماوەی پرۆژەکەدا لە 15_4_2011 تاکو 31_12_2011 لە شوێنەکانی چالاکی پرۆژەکە لەپارێزگای سلیمانی و ئیدارەی گەرمیان بە تایبەتی دەیگرێتەوە، بە شێوەی گشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان توانراوە گۆرانکاری رێژەیی بەدەست بهێنرێت لەباشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران لەناو گرتووخانەکاندا، لەوانە بە دەنگەوە هاتنی زۆری دەزگاکانی پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ و داواکاری گشتی و بەرێوبەرایەتی گرتن و گواستنەوەو چاکسازی کۆمەلآیەتی بەشی پیاوان و ژنان و نەوجەوانان، بۆ کاروچالاکی پرۆژەکەو بەدواداچونیان بۆ هەر پێشێلکاریەك کە لەلایەن تیمەکانی پرۆژەکەوە پێیان ڕاگەیەنرابێت لەمیانەی چاوپێکەوتن لەگەڵ (580) پێنج سەدو هەشتابەند کراو دا.

هەروەها بەشداری کردنی 118 سەدو هەژدە کارمەندی پۆلیس وئاسایش لە شوێنە جیاجیاکانی پارێزگای سلێمانی لە ۆرك شوپەکانی ئاسایش پرۆژەکەدا ، سەرەرای بەشداریکردنی رێکخراوەکەمان لە دارشتنی پلانی کاری هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ بۆ ماوەی سالآنی 2012 تاکو 2014 بەتایبەتی لەسەر تەوەری گرتووخانەو بەندییەکان، کە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەلآتی یاسادان و دادوەری و لایەنە پەیوەندارەکان ، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئامادەکراوە بە مەبەستی بە هێز کردنی ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێم بە پشت بەستن بە ڕاسپاردە کانی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە جنێڤ لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی خولی گشتگیر (UPR)کە مانگی شوباتی ساڵی 2010 بۆ عێراق ئەنجام درا ، واپێشبینی دەکرێت کە عێراق و هەرێمی کوردستان تاکو ساڵی 2014 ئەم پلانە جێ بە جێ بکات لەوانە هەموار کردنی یاسای سزادان عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی 1969 تایبەت بە سزادان و ئەشکەنجەدانی بەندییەکان و کارکردنی یاسای دابین کردن پارێزەر بۆ تۆمەتبار لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن و کار کردنی یاسای ژمارە (15) ی ساڵی 2010 و پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکم دراوان لە کاتی بێتاوان دەربوونیان لە هەرێمی کوردستان ، پەلە کردن لە دروست کردنی چاکسازی نوێ بە پێی پێوەرە نێو دەوڵەتیە تایبەتیەکان ، کارکردن بە بەرنامەی چاکسازییەکان و سزای جێگرەوە یان ئەلتەر نانیف واتە (العقوبات البدیلە) پەیرەوبکرێت ، لە جیاتی سزای بەند کردن .

**ئامانجەکانی پرۆژەکە**

1- دابەزاندنی رێژەی ئەشکەنجەدان و توندوتیژی بەرامبەر تۆمەتباران بەرێژەی 10٪ بەبەراوورد لەگەڵ سالی 2010

2- زیاتر بوونی بە دواداچوونو هەوڵدان بۆ کەمبووەوەی حاڵەتەکانی ئەشکەنجەدان، مامەڵەکردنی نامرۆییانە یان هەر پێشێلکاریەکی تر بۆ مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران و لەبەرانبەردەسگیرکراوەکاندا لە زیندانەکانی بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش لە سلێمانی ورانیە و کەلار و هەڵەبجە و چەمچەماڵ لە لایەن دەزگا باڵا دەستەکانی پۆلیسەوە.

3. هوشیارکردنەوەی زیندانیەکان سەبارەت بە مافەکانیان لە رێگەی پرکردنەوەی فۆرمی چاودێری بۆیان.

4. بیرکردنەوەی کارمەندانی پۆلیس بەرامبەر بە مافەکانی تۆمەتبار باش بکرێت.

5. پاراستنی ئازادیو مافە کەسیو تایبەتیەکانی تۆمەتبارن لە گرتوخانەکاندا.

**ئەنجامەکان**

**ئەنجامە چاوەروانکراوەکان:**

1.باش بوونی رەوشی مافەکانی مرۆ لەناو گرتووخانەو بنکەکانی پۆلیس و ئاسایشدا لە رێگەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریەوە راگەیەنرا بۆسالێ 2012 تا 2014

2. رێژەی ئەشکەنجەدان و دەستگیرکردنی نایاسایی زیاتر کەمبۆتەوە بەبەراوورد لەگەڵ ساڵی 2010دا

3. تۆمەتباران مامەڵەیەکی مرۆیانەتریان لەگەڵدا دەکرێت بەبێ رێزیەوە تەماشاناکرێن.

4. زانیاری کارمەندەکانی ئاسایش و پۆلیس سەبارەت لە مافەکانی زیندانیەکان زیاد بووە.

5. وشیاری زیندانیەکان سەبارەت بە مافەکانیان زیاد بووە.

6.رای گشتی خەڵك و هەروەها پارلەمان و حکومەت بە ئاراستەی باشترکردنی بارودۆخی زیندانیەکان و گرتووخانەکان و بنکەکانی پۆلیس زیاتربووە

7.دروست کردنی پەیوەندیەکی باشتر لەگەڵ فەرمانگەی داواکاری گشتی بەمەبەستی بەدواداچوونی زیاتر بۆ کێشەی زیندانیان بەمەبەستی باشتر کردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لەناو گرتووخانەکاندا .

**ئەنجامە بە دەست هاتووەکان:**

1_ پابەند کردنی هەرسێ دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەری و یاسادانان لە هەرێمی کوردستاندا ، بەمەبەستی باشترکردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ وبەندیینخانەکان، لە رێگای راگەیاندن پلانی کاری هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ بۆ ساڵی 2012 تا 2014 ، بەمەبەستی بەهێز کردنی رێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا ، بەپشت بەستن بە راسپاردەکانی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە جنێڤ لە چوارچێوەی راپۆرتی خولی گشتگیر (UPR) کە لە مانگی شوباتی ساڵی 2010 بۆ عێراق ئەنجام درا ، لەبەرئەوەی دەوڵەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە هەمان پرۆسەدا تێ ئەپەرێتە وە لە شوباتی ساڵی (2014) هەر بۆیە وایێشبینی دەکرێت کە ئەو پلانی کاری هەرێمیەی راگەیەندراوە بۆ مافەکانی مرۆڤ جێ بە جێ بکرێت لە نێوان ساڵانی 2012 تا 2014 .

2 _ زیادبوونی هۆشیاری کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و رێگە گرتن لە ئەشکەنجەدان و توندو تیژی بەرامبەری بەندییەکان و رێکەوتننامەی سیداو تایبەت بە ماف ژنان ، لە رێگای بەشداریکرنی (118) سەدوو هەژدە کارمەند لەو شەش ورك شوپەی کە ئەنجامدرا لە شارەکانی ( سلێمانی و رانیە و هەڵەبجە و چەمچەماڵ و کەلار و پیرەمەگرون ) .

3 _ ووشیارکردنەوەی (580) پێنج سەدوو هەشتا بەند کراو بە مافەکانیان لە کاتی لێکۆلینەوە و دادگایکردندا لە رێگای ئەنجامدانی و چاوپیکەوتنی راستەوخۆ لە گەڵیان لە لایەن چاودێرەکانی پرۆژەکە .

4 _ بەدەنگەوە هاتن و بەدواداچونی یاسایی بۆ هەندێك لەو پێشلکاریانەی کە لە لایەن رێکخراوەکەمانەوە خراونەتە روو لە لایەن دەزگای داواکاری گشتی و بەرپرسانی دەزگای پۆلیس وئاسایش ، لەوانە دروست کردنی لیژنەی لیکۆلینەوە لەسەر بەرێوەبەرایەتی

گرتن وگواستنەوەی سلیمانی سەبارەت بەخراپی جۆری خواردنی زیندانیان,هەروەها دروست کردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر بەڕێوبەری بنکەی پۆلیسی ڕاپەرین لە شاری سلێمانی لەسەر ئەنجامدانی مامەڵەی نا مرۆڤانە و هێشتنەوەی بەندییەك بە ناوی ( چ ، ح ) لە شوێنی نەشیاو دا بۆ ماوەی (33) ڕۆژ جولاّندنی سکالاّی یاسای لە دژی ئەفسەری بەرپرس و بە دادگاییدانی .

هەروەها دروست کردنی لیژنەی لێکۆلینەوەی بە دواداچونی بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە لایەن ڕێکخراوەکەمانەوە پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ و دەزگاکانی پۆلیس کراوە لەسەر کەم و کوری و پێشیلکاری لە دژی سەروەریی یاسا کە تومار کراوە لە سەریان .

5– دەزگا بالاّکانی پۆلیس گرنگی زیاتر بە کاری چاودێری کردن دەدەن و مەبەستیانە کە بنکەکانی پۆلیسو گرتوخانەکان مامەڵەی دروست لەگەڵ تۆمەتباراندا دەکەن. ئەمەش لەو نوسراوانەدا دەردەکەوێت کە وەلاّمی dhrd یان داوەتەوە بۆ نمونە:

1–5 ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە چاودێری کردنی تیمی پرۆژەکەمان بۆ سەرجەم بنکەکانی پۆلیسو نەهێشتنی تاوان لە سلێمانی لە کاتەکانی دوای دەوامی رەسمیو شەوانو رۆژەکانی پشوو. ئاماژە بە نوسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی/فەرمانگەی یاسایی ژمارە (8943) لە 2011/4/18، نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ فەرمانگەی یاسایی ژمارە 5102/1 لە 2011/5/2، ژمارە (14083) لە 2011/6/9، دوای نوسراومان ژمارە (6) لە 2011/1/24 هاوپێچی ژمارە (1:1)تا (7:1).

2–5 داواکاری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بۆ پێدانی روونکردنەوەی زیاتر لەسەر پێشێلکاریەکانن بە مەبەستی چارەسەرکردنیان بە نوسراویان ژمارە (14340) لە 2011/6/13 هاوپێچی ژمارە (1:2) تا (2:2).

3–5 وەلامی نوسرامان ژمارە (49) لە 2011/6/21 سەبارەت بە بەدواداچوونو چارەسەرکردنی شوێنی راگرتنی بەندکراوان، بە پێی نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی /فەرمانگەی یاسایی کە ئاراستەی (بەشی پێداویستیەکان) کراوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی شوێنی بەندیەکان تا لەگەڵ ستانداردە نیشتمانیو نێو دەولەتیەکاندا بگونجێت بە ژمارە (15737)لە 30–6–2011 هاوپێچی ژمارە (1:3)و (2:3)

4–5 بە دەنگەوەهاتنی فەرمانگەی داواکاری گشتی چاکسازی کۆمەلاّیەتی سلێمانی (رئاسە الادعاو العام/دائرە الادعاو العام لاصلاح الکبار فی السلیمانیە) بە نوسراویان ژمارە (170) لە 2011/6/29 سەبارەت بە ناوەرۆکی نوسراومان ژمارە (39) لە 5–2011/6 سەبارەت بە نەشیاوی شوێنی بەندکراوانو بیناکانی بنکەکانی پۆلیسو بەڕێوەبەرایەتی گرتنو گواستنەوە لە (سلیمانی , هەلەبجە، رانیە، چەمچەمال، کەلار) لەگەڵ ستانداردە نێو دەولەتیەکانو هەروەها (بنەما نموونەیەکانی لانی کەمی مامەلەکردن لەگەل بەندکراواندا)و هەروەها بە پێی دەستوری عیراقیو یاساکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی گرتوخانەکانداو هەروەها داواکردن لە ڕێکخراوەکەمان بۆ هاوکاری کردنیانو ئاگادارکردنەوەیان لە کەموکوریەکان بە مەبەشتی چارەسەرکردنیان هاوپێچی ژمارە (4–1)و (2:4)و(3:4)و(4–4).

5–5 بنکەی گرتن و گواستنەوەی کەلار بەشێکە لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کەلار واتە تەنها بۆ راگیراوانی شاری کەلارەو لە چوار قاعە پێك هاتووە بەلاّم لە ئێستادا کراوە بەبنکەی گرتن و گواستنەوەی گەرمیان و ژمارەیەکی زۆر راگیراوو تۆمەتباری تێدایەو ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە پڕ کەموکورتی و کێشە بێت چ بۆ پۆلیس یاخود راگیراوان لە بەرواری 2011/5/30 بەرێوەبەری گرتن و گواستنەوەی کەلار لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا داوای لە چاودێرەکەمان کردووە کە بچێێت بۆ لای(لەبەرئەوەی پێشتر ئاگاداری ئیش و کارەکانی (DHRD)و پرۆژەی چاودێری گرتووخانەکان بووە) چونکە راگیراوانی دوو قاعە مانیان گرتبوو بەهۆی ئەوەی کە سپێلەتەکانیان سووتاوەو زۆر گەرمە،وە رێگە نادرێت کە کەسوکاری راگیراوان زۆر بمێننەوە لەکاتی سەرداندا هۆڵەکانیان (TV)تێدا نیە، دوای ئەوەکە کە چاوی کەوت بە بەرێوەبەری گرتووخانەکە بەناوی(ملازم ئەرکان)بەمەبەستی ئەم کێشانە ئەویش پێی راگەیاندووە ئێستا (117)تۆمەتبار لامانەو هۆڵەکانمان ژمارەیەکی زۆر تۆمەتباری تێدایە و ئەمەش بووەتە هۆی ئالۆزی هۆڵەکان وە لە مانگی (5)دا ئەمە سێیەمین جارە سپلێتەکان چاکبکەنەوە بەلاّم بەهۆی ئەوەی زۆر گەرمایە و شەو رۆژیش ئیش ئەکەن بۆیە ئەسوتێن، وە سەبارەت بەوەی کە ناهێڵن کەسوکاریان زۆر بمێننەوە لەبەرئەوەیە کەوا حەوشەی گرتووخانەکە (6×6)جێگای ئەو هەموو تۆمەتبارەو کەسوکاریان نابێتەوە و بۆیە ناچارن کردویانە بە نۆرە هەر هۆڵی سەعات و نیوێك بۆیان هەیە لەگەڵ کەسوکاریان بن

وە بۆ(t.v)ەکانیشیان چەندین جار داوایان کردوەو نوسراویان کردوە بەڵام وەڵامیان نادەنەوە پێیان ووتون بۆتان ناکرین لەبەرئەوەی بنکەی گرتن و گواستنەوەی گەرمیان زۆری نەماوە تەواوبێت بۆ ئەوێ دابینی ئەکەن.

بەڕێوەبەری گرتووخانە ئاماژەشی بەوەداوە کەوا بنکەکەیان هیچ پارەیەکی لەبەردەستدا نیە و تەنانەت نەسریەیان نیە بۆئەوەی خزمەتی تۆمەتبارانی پێبکەن لە گرتووخانەکەو وە ووتویەتی تەنانەت (فانۆس تیلیکۆمێکمان) هەیە و کارمەندانی گرتووخانەکە وەحدەی بۆ ئەکرن و ئەیدەنە تۆمەتباران بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە ماڵەوەیانەوە ئەمەشیان کردۆتە نۆرە هەر تۆمەتبارەی هەفتەی دوو جار ئەتوانێت پەیوەندی بکات و هەر جارێك (5دەقیقە)مۆڵەتیان ئەدرێتێ کە قسە بکەن.

هەر ئەو رۆژە چاودێرەکەمان سەردانی مقدم(لوقمان)بەڕێوەبەری پۆلیسی کەلاری کردوەو داوای ئەوەی کردوە کێشەی راگیراوان چارەسەر بکات لە وەڵامدا ووتویەتی ئێمە زۆر هەوڵدەدەین بەڵام لەسەرەوە هیچ هاوکاری ناکرێن و تەنانەت دوو جار لە پارەی خۆیان سپلێتەکانیان چاکردۆتەوە.

بەڵام پاش ئەوەی کە پەیوەندی کردوە بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیانەوە ووتویەتی تۆمەتباران مانیان گرتووە و سپلێتەکانیان سوتاوە پێی ووتون کەوا چاکی بکەنەوە لەسەر حسابی خۆی خۆی پارەکەی ئەدات بۆیە هەر ئەو رۆژە چاککراوەتەوەو مانگرتنەکەیان شکاندووە.

بینایەکی زۆر مۆدێرن و پێشکەوتوو بۆ گرتن و گواستنەوەی گەرمیان دروست کراوەو بری یەك ملیارو چوارسەد ملیۆنی تێچوەو تەنها کەل و پەلەکانی ماوەو بریارە کە بودجە پەسەند کرا کەل و پەلەکانی بۆ بکرن و ئیتر کێشەکان چارەسەربێت.

5–6 لابردنی کامیرای چاودێری لە گرتوخانەی رانیە لە ژوورەکانی بەشی ژنان بە پێی نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی/جولان ژمارە(12920) لە 2011/5/30 بە سەرپەرشتی بەرێز (عمیدی پۆلیس/ کازم عبداللە محمد)، نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزاکان ژمارە (11152) لە 2011/5/15 دوای نوسراومان ژمارە (25) لە 2011/5/11 هاوپێچی ژمارە (1:5)و (2:5) و (3:5).

5–7 لابردنی کامیرای چاودێری لە گرتوخانەی رانیە لە ژوورەکانی بەشی پیاوان بە پێی هەردوو نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی/فەرمانگەی یاسایی ژمارە 14339 لە 2011/6/13 و نوسراویان ژمارە (17165) لە 2011/7/17 دوای نوسراوی DHRD ژمارە (38) لە 6/5 /2011 (1:6)و (2:6)و(3:6).

5–8 بە دەنگەوە هاتنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە سلێمانی بۆ راپۆرتێکی فیدراسیۆنی رێکخراوەکان کە dhrd| سەرپەرشتی بەشی مافی مرۆڤ دەکات سەبارەت بە راپۆرتێکمان لەسەر گرتووخانەکەو دوو راگیراو کە پێشێلکاریان بەرامبەر ئەنجامدراوە بە دواداچوونی بۆ دەکەن‌و چارەسەری دەکەن هەروەها هەوڵدەدەن ماوەی چاوپێکەوتنی تۆمەتباران زیاد بکەن‌و هەروەها زیادکردنی ماوەی تەلەفۆنکردنیان‌و پاشان ئەوان وەك ئاسایشی گشتی هەوڵیانداوە کە کارو چاکسازی باش بکەن لە گرتوخانەکانداو هەر کەموکوڕی‌و پێشێلکاریەك هەبووبێت ئەوا بە بەرنامە نەبووەو حالەت بووەو هەروەها راپۆرتەکەیان بەرزنرخاندووەو داوایان کردووە پێش ئەوەی DHRDراپۆرت بلاوبکاتەوە راوێژ لەگەڵ ئەوان بکەن تاوەکو پێش بڵاوکردنەوەی هەر کەموکورتی و پێشێلکاریەك هەبێت نەهێڵرێت هاوپێچی ژمارە (1:7)و (2:7)و (3:7) .

5–9 بە دەنگەوە هاتنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان‌و جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە سەرەرایی کۆسپ‌و تەگەرەگان‌و و نەبوونی جۆرەها ئامرازی پێویست‌و گرنگی سەردەمیانە پابەندی تەواو بن بە رێزگرتنی بنەماکان‌و پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گونجاو هەروەك ئاماژەیان پێداوە بە نوسراویان ژمارە (3744) لە 2011/6/15 ، دوای نوسراومان ژمارە (36) 2011/6/5 سەبارەت بە بەدواداچوون لەسەر ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە لە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو ئەنجامدراون هاوپێچی ژمارە (1:8)و(2:8)و(3:8).

10–5 ئاراستەکردنی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاراستەکردن و رابەریکردنی دەروونی مدیریە (التوجيه المعنوى)بە ژمارە (107/1)لە 25–7–2011 بەناونیشانی دروست کردنی پەیوەندی، کە داوای دروست کردنی هەماهەنگی و پەیوەندی دەکەن لەگەڵ رێکخراوەکەماندا لە پێناو زیاتر گەشەپێدانی رۆشنبیری گشتی و توانای یاسایی ئەفسەران و کارمەندان و پاراستنی مافی مرۆڤ .

هاوپێچی ژمارە (9) **سودمەندانی پرۆژەکە :**

1- تۆمەتباران:

أ- لەرووی دەستنیشانکردنی پێشێلکارییەکانەوە لە لایەن تیمی پارێزەرانەوە (456) تۆمەتبار چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە لەوانە (443) یان نێرن و (13) یشیان مێن .هەروەها لەو ژمارەیە (13) تۆمەتبار لە ئاسایشی سلێمانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە.

ب-

| رەگەز | ژمارە | رێژەی بەشداربوان |
| --- | --- | --- |
| نێر | 443 | ٪97 |
| مێ | 13 | ٪3 |
| کۆ | 456 | ٪100 |

**ب- لەرووی دەروونییەوە :**

توێژەری دەروونی لە پرۆژەی (چاودێری گرتووخانەکانی سلێمانی و دەوروبەری)لەماوەی 2011/4/15 تا 2011/12/31 لەگەڵ (124) ڕاگیراو چاوپێکەوتنی کردووە، لەکاتی چاوپێکەوتن و بەرئەنجامی قسەکردنی خۆیان و ئەو گۆڕانکاریی و دیاردانەی تیایاندا بینراوە دەرکەوتووە کە بەشێك لە ڕاگیراوەکان تووشی گرفتی جەستەیی و دەروونی کۆمەڵایەتی بوون، کە دیارە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو تۆمەتانەی لەسەری دەستگیرکراون و کاریگەری هەبووە لەسەر پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی و هاوکات باری دەروونیشی تووشی پەشێوی کردووە، بەشێکی تری کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی مامەڵەی کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش لەساتی دەستگیرکرن و لێکۆڵینەوەدا. کە لایەنێکیان خۆی دەبینێتەوە لە ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی تۆمەتباران.

**چالاکییەکانی پرۆژەکە:**

لە 2011/04/15 وە بۆ 2011/12/31 ئەم چالاکییانە ئەنجامدراوە :

چالاکی یەکەم – کاری ئامادەکاری

چالاکی دووەم– کاری چاودێری کردن لە لایان پارێزەرانەوە.

چالاکی سێهەم – کاری چاودێری کردن لە رووی دەروونیەوە.

چالاکی چوارەم – ئەنجامدانی ئیڤێنت.

**چالاکی یەکەم : کاری ئامادەکاری**

لەدوو هەفتەی یەکەمی پرۆژەکەدا ئەم کارانە ئەنجامدراوە:

أ–وەرگرتنی ڕەزامەندی لەلایەنی پەیوەندیدار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

ب- ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ستافی پرۆژەکەو چاودێرەکاندا کە بریتین لە(7 )پارێزەر (6نێر 1مێ) و (1) توێژەری دەروونی (مێ)، بەلام لە مانگی بەهۆی سەفەرکردنی توێژەری دەروونی توێژەرێکی (نێر) دەستنیشانکرا بۆ کارکردن لەپرۆژەکەدا.

**چالاکی دووەم :.کاری چاودێری کردن لە لایان پارێزەرانەوە**

تیمی پارێزەران لە 2011/4/15 تیمەکانی پرۆژەکە دەستیان بەکاری چاودێری کردووە و سەردانی( 15) بنکەو گرتوخانەیان کردووە و کردووە (456) فۆرمیان پرکردۆتەوە لەناو بنکە و گرتووخانەکانی پۆلیس و 13 سیانزدە فۆرم لەئاسایشی سلێمانی، ئەمانی خوارەوە ناوی ئەو بنکەو گرتوخانانەی سەر بە دەزگای پۆلیسن کە سەردانیان کراوە :

| ژ | ناوی بنکە یان گرتوخانە | ژمارەی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ تۆمەتبارندا ئەنجامدراوەو فۆرمیان بۆ پڕکراوەتەوە |
|---|---|---|
| 1. | گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | 117 |
| 2. | بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لە سلێمانی | 14 |
| 3. | بنکەی پۆلیسی بەختیاری | 5 |
| 4. | بنکەی پۆلیسی سارداو | 3 |
| 5. | خانەی تێبینی نەوجەوانان | 10 |
| 6. | دادگای هەڵەبجە | 2 |
| 7. | گرتوخانە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەڵەبجە | 46 |
| 8. | بنکەی پۆلیسی خورماڵ | 1 |
| 9. | گرتووخانەی چەمچەماڵ | 51 |
| 10. | بنکەی گرتن و گواستنەوەی رانیە | 103 |
| 11. | بنکەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان/ رانیە | 2 |
| 12. | بنکەی پۆلیسی کێوەڕەش | 3 |
| 13. | بنکەی گرتنو گواستنەوەی کەلار | 89 |
| 14. | ئاسایشی سلێمانی | 13 |

**- ئاگادار ی خێزان یان کەس و کار لە دەستگیرکردنی تۆمەتبار:**

– بەپێی (لانی کەمی بنەما نموونەییەکانی مامەلە کردن لەگەڵ بەندکراواندا) کە کۆنگرەی یەکەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی تاوانو مامەلەکردن لەگەڵ تاوانباراندا پشتی پێ بەستووە پێویستە رێگە بە بەندکراو بدرێت پەیوەندی بە کەسوکاڕیەوە بکات یاخود ئاگاداریان بکاتەوە لە بەندکردنەکەی:

لە کۆی (456) فۆرم (429) کەس ئاماژە بەوە دەدەن کە کەسوکاریان ئاگادارن لە دەستگیرکردنەکەیو (15) کەس کەسوکاری ئاگادارنەکراوەتەوە،(12) کەس لەوانە هەندێکیان تازە دەستگیرکرابوونو هەندێکیشیان خەلکی دەرەوەی ولاتنو نەیانویستووە کەسوکاریان ئاگاداربێت، هەروەها سەبارەت بەڕێگە پێدانی سەردانی کەسوکاری تۆمەتباران بۆ لایان (414) کەس ئاماژە بەوە دەدەن کە ریگە بە کەسوکاریان دەدرێت سەردانیان بکەن.بەڵام (23) کەس ئاماژە بەوە دەدەن کە رێگە بە کەسوکاریان نادرێت سەردانیان بکەن،(19) لەوانە هەندێکیان تازە دەستگیرکرابوونو هەندێکیشیان خەلکی دەرەوەی ولاتنو نەیانویستووە کەسوکاریان ئاگاداربێت، لەم خشتەیەی خوارەوەدا زیاتر روونکراوەتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| خێزان و کەس و کارت ئاگادارن کە تۆ دەستگیرکراویت | بەڵێ | 429 |
| | نەخێر | 15 |
| رێگە بە کەسوکارت دەدرێت سەردانت بکەن | بەڵێ | 414 |
| | نەخێر | 23 |

**ئەنجامدانی ئەشکەنجەدان لەدژی تۆمەتباران:**

لە کۆی 456 فۆرم 327 تۆمەتبار دەڵێن کە ئەشکەنجە نەدراون بەڵام 113 لەفۆرمەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەشکەنجەدراون و 16 شانزدەکەس تازە دەستگیرکراوبوون یاخود نەیانویست ئاماژە بە ئەشکەنجەدان بدەن ، لەوانە (73) تۆمەتبار دەڵێن کاتی دەسگیرکردن ئەشکەنجە دراون، (29) لەوانە لە ناو زیندان و(70)ش لە کاتی لێکۆڵینەوە ،هەروەها (54) تۆمەتبار دەڵێن کە ئەشکەنجەی جەستەیی دراون و (46) شیان دەڵێن کە ئەشکەنجەی دەرونی دراون و(78)یشیان دەڵێن کە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیش دراون :

| | | |
|---|---|---|
| ئایا ئەشکەنجە دراویت | بەڵێ | 113 |
| | نەخێر | 327 |
| ئەگەر وەڵامەکەت بە بەڵێیە | کاتی ئەشکەنجەدان | کاتی دەستگیرکردن 73 |
| | | ناو زیندان 29 |
| | | کاتی لێکۆڵینەوە 70 |
| | جۆری ئەشکەنجەدانەکە | جەستەیی 46 |
| | | دەروونی 46 |
| | | هەردووکیان 78 |
| | چ شێوازێکی ئەشکەنجەدان بوو | لێدان 90 |
| | | جوێن دان یان سوکایەتی پێکردن 80 |
| | | برسی کردن 38 |
| | | گێچەڵی سێکسی 6 |
| | | دانان لە ژووری تەنیا 41 |
| | | شتی تر (بینووسە)<br>1- فۆرمی ژمارە 8 تا هەفتەیەك نانی لە ناو ئەو قاپەدا خواردوە کە پیسایی تێکردوە تا ماوەی 59 رۆژ نەیانهێشتووە هیچ خواردنێکی بۆ بێت.<br>2- فۆرمی ژمارە 24 تورەکە کراوەتە سەری.<br>3- فۆرمی ژمارە 67 کارەبای لێدراوە<br>4- فۆرمی ژمارە 87 لەناو خەڵکدا سوکایەتی پێکراوەو قسەیان پێ ووتوە.<br>5- فۆرمی ژمارە 123 - 124 هەرەشەیان لێکراوە<br>6- فۆرمی ژمارە 377 لە دەرەوەی ژوور شەوانە دایان ناوەو ئاویان بەسەردا کردووە.<br>7- فۆرمی ژمارە (424) هەڵواسراوە بە قادرمەدا. |

**دابین نەکردنی پارێزەر :**

210 لە فۆرمەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئاگادارکراونەتەوە کە مافی گرتنی پارێزەریان هەیە بەڵام (236) لەفۆرمەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئاگادار نەکراونەتەوە لەوەی مافی گرتنی پارێزەریان هەیە وە (10) کەسیان تازە دەستگیرکراوبوون.

| | | |
|---|---|---|
| ئاگادارکراویتەوە مافی ئەوەت هەیە پارێزەر داکۆکیت لێبکات | بەڵێ | 210 |
| | نەخێر | 236 |
| ئایا پارێزەری منتدب بۆدانراوە ؟ | بەڵێ | 22 |
| | نەخێر | 408 |
| ئەگەر وەڵامەکەت بەنەخێرە بۆچی ؟ | خۆم پارێزەرم هەیە | 53 |
| | خۆم نەمویستووە | 138 |
| | بۆم دابین نەکراوە | 217 |

**-مامەڵەی کارمەندانی پۆلیس :**

1. لە کۆی 160 فۆرم لە 114 فۆرمدا هاتووە کە مامەڵەی کارمەندانی پۆلیس مرۆییانە بووە، لە 6 لەفۆرمەکاندا هاتووە کە تا رادەیەك مامەڵیان مرۆییانە بووە، لە (10) فۆرمدا هاتووە کە تا رادەیەك مامەلەی پۆلیس باش بووە لەگەڵیاندا.

2. هەروەها لە کۆی (296) فۆرمی دیکە مامەلەی کارمەندانی پۆلیسو دادوەرو پاسەوانی گرتوخانەکان روون دەکاتەوە لە کاتی دەستگیرکردنو لە کاتی لێکۆلینەوەو لە ناو گرتوخانەدا:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مامەڵەی مرۆییانەت لەگەڵکرا؟ | لەکاتی دەستگیرکردن | بەڵێ | 213 |
| | | نەخێر | 58 |
| | | تارادەیەك | 24 |
| | لەکاتی لێکۆڵینەوە | بەڵێ | 214 |
| | | نەخێر | 42 |
| | | تارادەیەك | 25 |
| | لەناوگرتووخانە | بەڵێ | 254 |
| | | نەخێر | 14 |
| | | تارادەیەك | 12 |
| | لەلایەن دادوەرەوە | بەڵێ | 202 |
| | | نەخێر | 8 |
| | | تارادەیەك | 39 |

**- ماوەی مانەوە لە راگرتندا بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی دادگایی کردندا:**

بەپێی یاسای بنەما دادگەریە سزاییەکان بە ژمارە (23) ی سالی 1971 ی هەموارکراو ، پێویستە ماوەی مانەوەی تۆمەتبار لە راگرتندا (توقیف) دا لە چارەکی ئەو حوکمەی کە پێی تۆمەتبار کراوە زیاتر نەبێت. ئەم خشتەیەی خوارەوە ماوەی مانەوەی تۆمەتبار لە گرتووخانەدا نیشاندەدات بە پێی مانەوەی لە گرتوخانەکەدا.

وە ڕێکخراوەکەمان لە سالانی رابردوودا هاوکاری لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی کردووە بە مەبەستی دەرکردنی یاسایەك لەسەر قەرەبۆکردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی ژمارە () لە ، بۆ جێ بەجێکردنی ئەم بڕیارەش چاودێرێکی پرۆژەکە کە پارێزەرە توانی یەکەم بڕیار وەربگرێت بۆ قەرەبۆکردنەوەی ژنێکی راگیراو کە بۆ ماوەی 16 رۆژ کە بە (تعسف) گیرابوو. **هاوپێچ:** وێنەیەك لە بڕیارەکە

ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ سالی پاردا بە پێی راپۆرتەکان دەبینین کە ڕێژەی مانەوە کەمی کردووە بە رێژەی 27 ٪ بۆ ٪25 :

لە کۆی 456 فۆرم (112) لە فۆرمەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن کە ماوەیەکی زۆر ماونەتەوە بە بێ ئەوەی کێشەکەیان یە کلایی ببێتەوە هەروەك لەم خشتەیەی خوراوەدا روونکراوەتەوە:

| ژ | ژمارەی فۆرم یان کەیس | ماوەی مانەوە |
|---|---|---|
| 1 | سێ | مانگێك و 13 رۆژ |
| 2 | شەش | مانگێك و 12 رۆژ |
| 3 | حەوت | سێ مانگ و 22 رۆژ |
| 4 | هەشت | چوار مانگ و 25 رۆژ |
| 5 | نۆ | مانگێك و 4 رۆژ |
| 6 | دە | دوو مانگ و 28 رۆژ |
| 7 | یانزە | حەوت مانگ و 1 رۆژ |
| 8 | دوانزە | نۆ مانگ و 5 رۆژ |
| 9 | سیانزە | سێ مانگ و 29 رۆژ |
| 10 | پانزە | مانگێك |
| 11 | حەڤدە | مانگێك و 9 رۆژ |
| 12 | بیست و یەك | حەوت مانگ و 28 رۆژ |
| 13 | بیست و دوو | شەش مانگ و 16 رۆژ |
| 14 | بیست و سێ | چوار مانگ |
| 15 | بیست و شەش | مانگێك |
| 16 | بیست و حەوت | چوار مانگ و 12 رۆژ |
| 17 | سی و یەك | مانگێك |
| 18 | سی و چوار | سی وچوار رۆژ |
| 19 | سی و حەوت | دوو ساڵ و 11 مانگ و 6 رۆژ |
| 20 | سی و نۆ | هەشت مانگ و 18 رۆژ |
| 21 | چل | نۆ مانگ |
| 22 | چل و حەوت | ساڵێك و مانگێك و 23 رۆژ |
| 23 | پەنجاو سێ | هەشت مانگ و 19 رۆژ |
| 24 | پەنجاو چوار | هەشت مانگ و 19 رۆژ |
| 25 | پەنجاو پێنج | هەشت مانگ و 19 رۆژ |
| 26 | شەشت و شەش | نۆ مانگ و 12 رۆژ |
| 27 | شەشت و حەوت | چوار مانگ و 20 رۆژ |
| 28 | حەفتاو دوو | مانگێك |

| | | |
|---|---|---|
| 29 | حەفتاو چوار | نۆ مانگ و 23 رۆژ |
| 30 | نەوە | هەشت مانگ و نۆ رۆژ |
| 31 | نەوەد و سیێ | مانگێك و سیێ رۆژ |
| 32 | نەود و چوار | سیێ مانگ و 28 رۆژ |
| 33 | نەود و پێنج | سالێك و دوو مانگ و 19 رۆژ |
| 34 | نەود و شەش | هەشت مانگ و 2 رۆژ |
| 35 | نەود و حەوت | پێنج مانگ و 15 رۆژ |
| 36 | نەود و نۆ | یانزە مانگ |
| 37 | سەدو یەك | مانگێك و 4 رۆژ |
| 38 | سەد و دوو | مانگێك و 10 رۆژ |
| 39 | سەد و سیێ | دوو مانگ و سیێ رۆژ |
| 40 | سەد و چوار | دوو مانگ و 10 رۆژ |
| 41 | سەد و دە | سیێ مانگ و نۆ رۆژ |
| 42 | سەدو دوانزدە | چوار مانگ و رۆژێك |

| | | |
|---|---|---|
| 43 | سەد و سیانزدە | سالێك و دوو مانگ و 25 رۆژ |
| 44 | سەد و چواردە | شەش مانگ و 22 رۆژ |
| 45 | سەد و پانزدە | سالێك و پێنج مانگ و یەك رۆژ |
| 46 | سەد و هەژدە | نۆ مانگ و 10 رۆژ |
| 47 | سەد و بیست و یەك | سیێ مانگ و 19 رۆژ |
| 48 | سەد و بیست و دوو | مانگێك |
| 49 | سەدو بیست و هەشت | مانگێك و 19 رۆژ |
| 50 | سەدو بیست و نۆ | پێنج مانگ و دوو رۆژ |
| 51 | سەدو سی و چوار | مانگێك و 2 رۆژ |
| 52 | سەد و سی و پێنج | مانگێك |
| 53 | سەدو سی و شەش | دوو مانگ و 24 رۆژ |
| 54 | سەدو سی و حەوت | مانگێك و نۆزدە رۆژ |
| 55 | سەدو سی و هەشت | دوو مانگ و 7 رۆژ |
| 56 | سەد و چل | بیست و شەش رۆژ |

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| 57 | سەد و چل و حەوت | شەش مانگ |
| 58 | سەد و پەنجاو یەك | دە مانگ و 27 رۆژ |
| 59 | سەد و پەنجاو سێ | پێنج مانگ و شەش رۆژ |
| 60 | سەدو پەنجاو حەوت | مانگێك و 12 رۆژ |
| 61 | سەدو شەست | مانگێك و شەش رۆژ |
| 62 | سەدو شەست و دوو | مانگێك و 13 رۆژ |
| 63 | سەدو شەست و سێ | دوو مانگ و 7 رۆژ |
| 64 | سەدو شەست و پێنج | پێنج مانگ و 7 رۆژ |
| 65 | سەدو شەست و شەش | مانگێك و 18 رۆژ |
| 66 | سەدو شەست و هەشت | چوار مانگ و 7 رۆژ |
| 67 | سەدو حەفتا | مانگێك و 19 رۆژ |
| 68 | سەدو حەفتاو پێنج | مانگێك و 15 رۆژ |
| 69 | سەدو حەفتاو هەشت | دوو مانگ و 13 رۆژ |
| 70 | سەدو هەشتاو یەك | دە مانگ و 28 رۆژ |

| | | |
|---|---|---|
| 71 | سەدو هەشتاو پێنج | حەوت مانگ |
| 72 | سەدو هەشتاو حەوت | پێنج مانگ و 27 رۆژ |
| 73 | سەدو نەود و یەك | دوو مانگ و 7 رۆژ |
| 74 | سەدو نەودو هەشت | چوار مانگ و چوار رۆژ |
| 75 | دووسەد و چوار | دوو مانگ و 5 رۆژ |
| 76 | دووسەدو حەوت | یانزە مانگ و 23 رۆژ |
| 77 | دوو سەدو نۆ | دوو مانگ و 7 رۆژ |
| 78 | دوو سەدو شانزە | سێ مانگ و 1 رۆژ |
| 79 | دوو سەد و بیست و شەش | سێ مانگ و 5 رۆژ |
| 80 | دووسەدو بیست و هەشت | مانگێك و پانزدە رۆژ |
| 81 | دووسەدو بیست و نۆ | سێ مانگ و 7 رۆژ |
| 82 | دووسەدو سی | مانگێك و پانزدە رۆژ |
| 83 | دووسەد و سی و چوار | مانگێك و 22 رۆژ |
| 84 | دوو سەدو چل و حەوت | مانگێك و 16 رۆژ |

| | | |
|---|---|---|
| 85 | دووسەد و شەست و دوو | دوو ساڵ و دوو مانگ و رۆژێك |
| 86 | دووسەدو حەفتاو دوو | دوو مانگ و 6 رۆژ |
| 87 | دووسەدو حەفتاو شەش | مانگێك و 25 رۆژ |
| 88 | دووسەدو هەشتاو یەك | مانگێك و 1 رۆژ |
| 89 | دووسەدو هەشتاو سێ | مانگێك و یەك رۆژ |
| 90 | دووسەد و هەشتاو حەوت | ساڵێك و 5 مانگ و 4 رۆژ |
| 91 | دووسەدو نەوت و حەوت | چوار مانگ و 2 رۆژ |
| 92 | سێ سەدو دوانزە | مانگێك و 1 رۆژ |
| 93 | سێ سەدو چل و دوو | مانگێك و بیست و 7 رۆژ |
| 94 | سێ سەد و چل و سێ | پێنج مانگ و 22 رۆژ |
| 95 | سێ سەدو پەنجاو حەوت | 4 مانگ و 10رۆژ |
| 96 | سێ سەدو شەست و دوو | پێنج مانگ و سێ رۆژ |
| 97 | سێ سەدو شەست و شەش | مانگێك و 27 رۆژ |
| 98 | سێ سەدو شەست و نۆ | مانگێك و 1 رۆژ |
| 99 | سێ سەدو حەفتا | حەوت مانگ و 10 رۆژ |
| 100 | سێ سەدو حەفتا و نۆ | مانگێك و 5رۆژ |
| 101 | سێ سەدو شەست ونۆ | دوو مانگ و 22 رۆژ |
| 102 | سێ سەدو نەود و حەوت | دوو مانگ و 23 رۆژ |
| 103 | چوار سەدو سێ | دوو مانگ و 27 رۆژ |
| 104 | چوار سەدو پێنج | مانگێك و 18 رۆژ |
| 105 | چوارسەدو بیست و دوو | مانگێك و 19 رۆژ |
| 106 | چوارسەدو بیست و هەشت | مانگێك |
| 107 | چوارسەدو چل و سێ | مانگێك |
| 108 | چوارسەدو چل و چوار | پێنج مانگ و 5 رۆژ |
| 109 | چوارسەدو چل و شەش | مانگێك و چوار رۆژ |
| 110 | چوارسەدو پەنجا | دوو مانگ و رۆژێك |
| 111 | چوارسەدو پەنجاو دەە | سێ مانگ و 24 رۆژ |
| 112 | چوارسەدو پەنجاو چوار | مانگێك و 19 رۆژ |

**ئاگادارنەکردنەوە لە تۆمەت خستنە پاڵ:**

بەپێی یاسای بنەما دادگەریە سزاییەکان بە ژمارە (23) ی ساڵی 1971 ی هەموارکراو و (لانی کەمی بنەما نموونەییەکانی مامەلە کردن لەگەڵ بەندکراواندا) کە کۆنگرەی یەکەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی تاوانو مامەلەکردن لەگەڵ تاوانبارانادا پشتی پێ بەستووە پێویستە تۆمەتبار ئاگادار بکرێتەوە لە هۆکاری دەستگیرکردنەکەی و: لە کۆی (456) فۆرم (421) فۆرمیان ئاماژە بەوە دەکەن کە راستەوخۆ دوای دەستگیرکردنەکەیان ئاگادارکراونەتەوە لە و تۆمەتەی خراوەتە پاڵیان و (32) فۆرمیا ئاماژە بەوە دەدەن کە ئاگادارنەکراونەتەوە. هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| دوای دەستگیرکردن راستەوخۆ اگادارکراویتەتەوە لەو تۆمەتەی خراوەتەپالت | بەڵێ | 421<br>1- فۆرمی ژمارە 11 خۆی خۆی تەسلیم کردوە بە بەرێوەبەرایەتی پۆلیس |
| | نەخێر | 32 |
| ئەگەر وەلامەکە بەنەخێرە دوای ماوەی چەند ئاگادار کراویتەوە | | 1- فۆرمی ژمارە 16 دوای ئەوەی کە چوەتە مرکزی هەواری شار<br>2- فۆرمی ژمارە 18 دوای 2 رۆژ<br>فۆرمی ژمارە 42 دوای نیوکاتژمێر.<br>3- فۆرمی ژمارە 66 دوای هەفتەیەك<br>4- فۆرمی ژمارە 94 دوای نۆ رۆژ<br>5- فۆرمی ژمارە 101 کاتێك کە چوەتە مەرکەزی راپەرین.<br>6- فۆرمی ژمارە 106 دوای یەك رۆژ<br>7- فۆرمی ژمارە 129 کاتێك براوەتە مرکز<br>8- فۆرمی ژمارە 140 دوای کاتژمێرێك<br>9- فۆرمی ژمارە 141 لە دوای رۆژێك<br>10- فۆرمی ژمارە 170 دوای سەعاتێك ووتەی وەرگیراوە<br>11- فۆرمی ژمارە 180 دوای چەند کاتژمێرێك.<br>12- فۆرمی ژمارە 183 دوای رۆژێك.<br>13_ فۆرمی ژمارە 193 دوای 11:5 سەعات<br>فۆرمەکانی ژمارە 246وە 266 و 267 دوای ئەوەی کە براونەتە مکافحە پێیان ووتراوە<br>14- فۆرمی ژمارە 268 دوای ئەوەی بردویانە بۆ ئاسایش.<br>15- فۆرمی ژمارە 269 دوای دوو رۆژ<br>16- فۆرمی ژمرە 331 دوای رۆژێك<br>17- فۆرمی ژمارە 356 دوای دوو رۆژ<br>18- فۆرمی ژمارە 353 دوای دوو رۆژ<br>19- فۆرمی ژمارە 362 و 364 کاتێك دەستگیرکراوە لە رێگا پێیان ووتوە<br>20- فۆرمی ژمارە 367 لە مکافحە<br>21- فۆرمی ژمارە 398 دوای 4 رۆژ<br>22- فۆرمی ژمارە 426کە براوەتە بنکە<br>23- فۆرمی ژمارە 434 دوای 10 کاتژمێر ئاگاداریان کردۆتەوە .<br>24- فۆرمی ژمارە 453دوای ئەوەی هێناویانە بۆ بنکەکە.<br>25- فۆرمی ژمارە 454 دوای سەعاتێك کە بردویانە بۆ بنکەی پۆلیس. |

**- دواکەوتنی ووتە وەرگرتن لەلایەن لێکۆڵەری پۆلیس یان ئاسایشەوە :**

لە کۆی ( 456 فۆرم) (29)یان لە کاتی خۆیدا ووتەی وەرنەگیراوە لەلایەن لێکۆلەری پۆلیس یا ئاسایشەوە کە بەم شێوەیەیە:

| ژمارە | ژمارەی فۆرم یان کەیس | ماوەی دواکەوتن لە وەرگرتنی ووتەکانی لەلایەن لێکۆڵەری پۆلیس یان ئاسایشەوە |
|---|---|---|
| 1 | بیست و چوار | چوار رۆژ |
| 2 | بیست و پێنج | چوار رۆژ |
| 3 | | لە فۆرمی ژمارە 26 تا فۆرمی ژمارە 38 بەندکراوانانی ئاسایشن بۆیە بەرواری ووتە وەرگرتنیان تیادا نیە |
| 4 | چل | چوار رۆژ |
| 5 | چل و پێنج | پێش دەستگیرکردنی بە 24 رۆژ ووتەی وەرگیراوە وەك شاهیدێك |
| 6 | سەدو حەوت | تا رۆژی چاوپێکەوتنی ووتەی وەرنەگیراوە |
| 7 | سەدو سی | لەبەرئەوەی فەرمانی گرتنی هەیە لە دادگای لێکۆڵینەوە لە بغداد بۆیە تا رۆژی چاوپێکەوتنی ووتەی وەرنەگیراوە |
| 8 | سەدو چل و یەك | چوار رۆژ |
| 9 | سەدو پەنجاو حەوت | دوو رۆژ |
| 10 | سەدو شەست | دوو رۆژ |
| 11 | دووسەدو چل و دوو | پێنج رۆژ |
| 12 | دووسەدوو پەنجا | چوار رۆژ |
| 13 | دووسەدو پەنجاو یەك | دوانزە رۆژ |
| 14 | دووسەدوپەنجاو نۆ | سێ رۆژ |
| 15 | دووسەدو شەست و شەش | دوو رۆژ |
| 16 | دووسەدو هەشتاو حەوت | هەشت مانگ و 22 رۆژ |
| 17 | دووسەدو نەودو هەشت | سێ رۆژ |
| 18 | سێ سەدو یەك | سێ رۆژ |
| 19 | سێ سەدو یانزە | چوار رۆژ |
| 20 | سێ سەدو شەست و پێنج | دوو رۆژ |
| 21 | سێ سەدو شەست و نۆ | سێ رۆژ |
| 22 | سێ شەدو حەفتا | بیست و چوار رۆژ پێش دەستگیرکردنی لە کەرکوك پاشان جارێکی تر 27ی /3 لە سلێمانی. |
| 23 | سێ سەدو نەودو پێنج | سێ رۆژ |
| 24 | سێ سەدو نەودو شەش | دوو رۆژ |
| 25 | سێ سەدو نەوەدو حەوت | دوو رۆژ |
| 26 | چوارسەدو سێ | دە رۆژ |
| 27 | چوارسەدو چل و حەوت | شانزدە رۆژ |
| 28 | چوارسەدو پەنجاو دوو | چوار رۆژ |
| 29 | چوارسەدو چل و پێنج | مانگێك و 16 رۆژ |

**- دواکەوتنی ووتە وەرگرتن لەلایەن لێکۆڵەری داد یان دادوەرەوە :**

بەپێی یاسای بنەما دادگریە سزاییەکان ئەبێت لە ماوەی 24 کاتژمێردا تۆمەتبار لەبەردەم لێکۆلەری داد یان دادوەرا ئامادەبن بۆ وەرگرتنی ووتەکانیان بەلاَم ئەوەی تێبینی ئەکرێتلە کۆی ( 456 فۆرم) ( 72.فۆرم)یان لە کاتی خۆیدا ووتەی وەرنەگیراوە کە بەم شێوەیەیە:

| ژمارە | ژمارەی فۆرم یان کەیس | ماوەی دواکەوتن لە وەرگرتنی ووتەکانی لەلایەن لێکۆلەری داد |
|---|---|---|
| 1 | هەشت | حەوت رۆژ |
| 2 | بیست و سێ رۆژ | مانگێك و 11 رۆژ |
| 3 | بیست و چوار | چوار رۆژ |
| 4 | بیست و پێنج | چوار رۆژ |
| 5 | بیست و حەوت | نازانێ |
| 6 | سی و هەشت | پێنج رۆژ |
| 7 | چل | چوار رۆژ |
| 8 | چل و پێنج رۆژ | .پێش دەستگیرکردنی بە 24 رۆژ ووتەی وەرگیراوە وەك شاهیدێك |
| 9 | پەنجاو سێ | چوار رۆژ |
| 10 | پەنجاو چوار | چوار رۆژ |
| 11 | نەوەد | نۆ رۆژ |
| 12 | نەوەدو سێ | شەش رۆژ |
| 13 | نەوەدو چوار | نۆ رۆژ |
| 14 | سەد | نەچۆتە لای حاکم |
| 15 | سەدو دوو | چوار رۆژ |
| 16 | سەدو پێنج | تا رۆژی چاوپێکەوتنی نەبراوەتە لای دادوەر |
| 17 | سەدو حەوت | تا رۆژی چاوپێکەوتنی ووتەی وەرنەگیراوە |
| 18 | سەدو هەشت | پێنج رۆژ |
| 19 | سەدو بیست و یەك | بیست رۆژ |
| 20 | سەدو بیست و سێ | سێ رۆژ |
| 21 | سەدو بیست و چوار | سێ رۆژ |
| 22 | سەدو بیست و نۆ | چواردە رۆژ |
| 23 | سەدو سی و دوو | دە رۆژ |
| 24 | سەدو سی و شەش | حەوت رۆژ |
| 25 | سەدو چل و یەك | چوار رۆژ |
| 26 | سەدو پەنجاو پێنج | تا رۆژی چاوپێکەوتنی دادگایی نەکراوە |
| 27 | سەدو پەنجا و حەوت | تا رۆژی چاوپێکەوتنی دادگاییی نەکراوە |
| 28 | سەدو پەنجاو هەشت | سێ رۆژ |
| 29 | سەدو شەست و سێ | سێ رۆژ |
| 30 | سەدو شەست و نۆ | سێ رۆژ |
| 31 | سەدو حەفتا | چوار رۆژ |
| 32 | سەدو حەفتاو نۆ | چوار رۆژ |
| 33 | سەدو هەشتاو پێنج | بیست رۆژ |
| 34 | سەدو نەو سێ | دوو رۆژ |
| 35 | سەدو نەودو چوار | سێ رۆژ |
| 36 | دووسەدو یەك | پێنج رۆژ |
| 37 | دووسەدو پێنج | سێ رۆژ |
| 38 | دووسەدو حەوت | دوو رۆژ |

| | | |
|---|---|---|
| 39 | دووسەدو نۆ | مانگێك و 28 ڕۆژ |
| 40 | دووسەدو دە | سێ ڕۆژ |
| 41 | دووسەدو پەنجا | یانزە ڕۆژ |
| 42 | دووسەدو پەنجاو یەك | دوانزە ڕۆژ |
| 43 | دووسەدو پەنجاو نۆ | سێ ڕۆژ |
| 44 | دووسەدو شەست | 5 ڕۆژ |
| 45 | دووسەدو شەست و شەش | دوو ڕۆژ |
| 46 | دووسەدو حەفتاو دوو | سێ ڕۆژ |
| 47 | دووسەدو هەشتاو یەك | 22 ڕۆژ بەرلە دەستگیركردنی ووتەی وەرگیراوە فۆرمی ژمارە 281 |
| 48 | دوو سەد هەشتاو سێ | 22 ڕۆژ بەرلە دەستگیركردنی ووتەی وەرگیراوە فۆرمی ژمارە 283 |
| 49 | دووسەدو هەشتاو حەوت | هەشت مانگ و 22 ڕۆژ |
| 50 | دووسەدو نەودو شەش | دوو ڕۆژ |
| 51 | دووسەدو نەوەدو هەشت | چوار ڕۆژ |
| 52 | دووسەدو نەودو نۆ | چوار ڕۆژ |
| 53 | سێ سەد | دوو ڕۆژ |
| 54 | سێ سەدو دوو | شەش ڕۆژ |
| 55 | سێ سەدو سێ | پێنج ڕۆژ |

| | | |
|---|---|---|
| 56 | سێ سەدو چوار | سێ ڕۆژ |
| 57 | سێ سەدو یانزە | چوار ڕۆژ |
| 58 | سێ سەدو سی و هەشت | دوو ڕۆژ |
| 59 | سێ سەدو چل و چوار | دوو ڕۆژ |
| 60 | سێ سەدو پەنجاو پێنج | دوو ڕۆژ |
| 61 | سێ سەدو شەست و پێنج | دوو ڕۆژ |
| 62 | سێ سەدو شەست و نۆ | بیست و چوار ڕۆژ |
| 63 | سێ سەدو نەودو پێنج | پێنج ڕۆژ |
| 64 | سێسەدو نەودو شەش | دوو ڕۆژ |
| 65 | سێ سەدو نەودو حەوت | دوو ڕۆژ |
| 66 | چوارسەدو سێ | دە ڕۆژ |
| 67 | چوار سەدو سی و پێنج | سێ ڕۆژ |
| 68 | چوارسەدو چل و سێ | شەش ڕۆژ |
| 69 | چوارسەدو چل و شەش | حەوت ڕۆژ |
| 70 | چوار سەدو چل و نۆ | چوار ڕۆژ |
| 71 | چوارسەدو پەنجاودوو | چوار ڕۆژ |
| 72 | چوارسەدو پەنجاو نۆ | مانگێك و 16 ڕۆژ |

**چاودێریکردنی گرتوخانەی ئاسایشی سلێمانی :**

تیمی پارێزەران چاودێری گرتوخانەی سلێمانیان کردووەو توانراوە 13 چاوپێکەوتن لەگەل تۆمەتباراندا ئەنجامدراوە:

لەبەرواری 7-3-2011 و 2011/5/23 نوێنەرانی دەستەی گشتی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کەپێکهاتبوون لە بەڕێزان( ئاوات محمد، شەنگە رحیم و کارزان عبدالفاچل،شورش أمین ) بۆ جاری حەوتەم وهەشتەم سەردانی گرتووخانەکانی ئاسایشی سلێمانی و ئاسایشی گشتیان کرد لە سلێمانی، بەمەبەستی چاودێریکردنی ڕەوشی زیندانیەکان لەڕووی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافی بەندییەکان و سەرەوەری یاسا و مامەڵەی کارمەندانی دەزگای ئاسایش لەگەڵ راگیراواندا ، لەو میانەشدا توانرا چاوپێکەوتن لەگەڵ (39) بەندکراو (راگیراو) ئەنجام بدرێت، گومانی تێدا نییە کەکردەی چاودێریکردنی رەوشی تۆمەتباران و راگیراوان بەبەردەوامی، زیاتر لەو ئامانجانەی کەخوازراون بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندییەکان و تۆمەتباراندا نزیکمان دەکاتەوە ، هەروەك لە ( بنەما نمونەییەکانی لانی کەمی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندییەکاندا ) هاتووە لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بەستاندارتی نێودەوڵەتی دادەنرێت بۆ رەوشی مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران لەناو بەندیخانەکاندا بۆیە به بەراورد لەگەڵ ئەو بنەما نمونییانەی کەپەسەند کراوە ، بەلانی کەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەندییەکاندا ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە بەپێشێلکاری دادەنێین.

**یەکەم/ لە ڕووی ئەشکەنجەدان و پێشێلکاری مافەکانی تۆمەتبار:-**

لە کۆی ئەو (39)تۆمەتبارە راگیراوەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجام دان سیانزە بەندکراو ئاماژەیان بەوەدا کە ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دراون لە ڕووی جەستەیی و دەروونیەوە، کەهەندێکیان دەڵێن لەبنکەکانی دەروەی شاری سلێمانی بەرەوڕووی ئەشکەنجە بوونەتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ترسناکە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین، دەتوانین حاڵەتی ئەشکەنجەدانەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕوون بکەینەوە:-

کاتی ئەشکەنجەدان (دەستگیرکردن، ناوزیندان، لێکۆڵینەوە) :-

حەوت بەندکراو ئاماژە بەوەدەدەن کە لەکاتی دەستگیرکردنیاندا ڕووبەڕوی ئەشکەنجە بوونەتەوە لەلایەن کارمەندانی ئاسایشەوە بە بەکارهێنانی (کەلەپچە بۆ راست و چەپ کردنی دەست لەپشتەوە،پێوتنی قسەی ناشرین و سوکایەتی پێکردن، لێدان بە دەست و قاچ و صۆندە و چاوبەستن بۆ ماوەی دوورودرێژ) هەروەها دوو بەندکراویش ئاماژە بەوە دەدەن لەکاتی زیندانیکردندا ئەشکەنجەدراون ئەویش بەدانانیان لە ژووری تاکەکەسی بۆماوەی چل بۆ پەنجا رۆژ کە هیچ پێداویستیەکی سەرەتایش تیادانەبووە بۆ ژیان و بەدوو هەفتە جارێك رێگەیان پێدراوە خۆیان بشۆن و ژوورەکە زۆر گەرم بووە و (50پلەی گەرمی) بووە رێگەی سەردان کردنیان نەبووە و هیچ پەیوەندیەکی بە دونیای دەروەدا نەبووە.

هەروەها حەوت بەندکراویش ئاماژە بەوەدەدەن کە لەکاتی لێکۆلینەوە لەگەڵیاندا ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دراون بەبەکارهێنانی (لێدان بەدەست و قاچ و ووتنی قسەی ناشرین و چاوبەستن وبەستنی قۆڵ و بەچەپ و راست کردنی لە پشتەوە بۆماوەی دوو کاتژمێر و دانان لەسەر کورسی ولێدان بە زللەو هەڕەشەکردن بەدەست درێژی کردنی سێکسی و قسەی ناشرین ووتن بە دایك و خوشك و کەرامەت شکاندن).

**دووەم/ لە ڕووی پەیوەندی کردنەوە:-**

سەرجەم بەندکراوەکان ئاماژەیان کرد بە کەمی ماوەی کاتی بینینی کەس و کاریان لەکاتی سەردان کردنیان کە خۆی لە چارەکە سەعاتێك بۆ نیوسەعات دەبێت ئەمەش بۆ ئەو تۆمەتبارانەی کە منداڵیان هەیە زۆر زۆر کەمە بەتایبەتی ئەوانەی کە کەسوکاریان لەدەرەوەی شاری سلێمانین، لە کاتێکدا سەردان کردن هەفتانەش نیە و پچڕ پچڕە، سەرەرای ئەوەی پەیوەندی کردن بەرێگای تەلەفۆنەوە ماوەی زۆرکەمەو بۆ هەموویان فەراهەم نیە، ئەمەش جیاکاریە و لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتبارانە رێگەپێنەدراوە.

**سێهەم/ لە ڕووی دابین کردنی خزمەتگوزاریەوە:-**

1_ ئەوەی تێبینیمان کرد زۆربەی بەندکراوان داوای دابینکردنی سەوزەو میوەیان دەکرد لەگەڵ خواردنەکانیاندا بەهۆی دابین نەکردنیەوە ،وەك ( خەیار ، تەماتە ، پیاز ،بیبەر......) ژمارەیەك بەندکراویش ئاماژەیان دەدا بە کەمی و زۆری چەوری برنج و شلەی هەندێك لەژەمەکانیان .هەروەها گلەییان هەبوو لەجۆری ئەونانەی کەڕۆژانەدەیاندرێتێ بەهۆی بوونی سۆدەی زۆرلەناویدا.

2_ سەرەڕای بەدەنگەوەهاتنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بەمەبەستی سەقف کردنی موشتەمەلاتی هۆڵی بەندکراوان ( توالیت و حەمام )ەکاندا، بەلاَم نەبوونی دەرگاو بەکارهێنانی گوێنی بۆ دەرگاکان نارەحەتی دروست کردووە بۆ بەندییەکان سەرەڕای گەرم نەبوونی ژووری خۆشتنیان بەتایبەتی لە وەرزی سەرمادا ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریش تێبینی ئەوەدەکرا کەبەپێی پێویست پاك و خاوێنی ئەو موشتەمەلاتانە ڕانەگیراوە.

3- ئامێری گەرم کردنی هەوای هۆڵی ژمارە -2-کاری نەدەکردو بەوتەی بەندییەکان و بەرپرسی گرتووخانەکەش دووپاتی ئەوڕاستیەی کردوە، ژوورەکەیان بەتەواوەتی ساردبوو کەئەستەم بوو بەئاسایی ژیان تیایدا بەسەربەرییت. هەروەها هۆڵی ژمارە-3-تایبەت بەژنانی ڕاگیراو ئاوی گەرمیان نەبوو بۆپێداوستی ڕۆژانەیان وخۆشۆردن.

4- مانەوەی بەتانی کۆن لەناو هۆڵەکاندا بەشێوەیەك کە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێدەهات.

**ئەو خاڵە پۆزەتیڤانەی کە بەدیمانکرد :**

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە لەبەرەو پێشچوونی بارودۆخی بەندییەکان لەم گرتووخانەیە بریتیە لەدابینکردنی قەرەوێڵەی دوو قات بۆ سەرجەم هۆڵەکان کە ئەمەش لەڕووی پاراستنی پاك و خاوێنی و دابینکرنی سەربەستی زیاتر بۆ بەندییەکان فەراهەم دەکات .

بەمەبەستی زیاتر ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران وسەرەوری یاساو پیادەکردنی لایەنی کەمی ڕێککەوتننامەی( القواعد النموذجیة الدنیا لمعاملة السجناء) ئەم چەند پێشنیارە دەخەینە ڕوو:-

1- ئاگادارکردنی سەرجەم بەرپرسانی لێکۆڵینەوە و کارمەندانی ئاسایش بەپێشێلنەکردنی مادەی 333 لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە 111 ساڵی 1969، کەئاماژە دەکات بەوەی کەبەکارهێنانی هێز و هەڕەشکردن بەئەشکەنجە دادەنرێت و سزای بەندکردن بۆ ئەنجامدەرەکەی دانراوە (کەفەرمانی دابێت یان خۆی ئەنجامیدابێت لەدژی تۆمەتبار یان شاهید یان شارەزایەك بەمەبەستی ناچارکردنی بەدانپێدانانێك.....هتد).

2- گرنگیدانی زیاتر بەبنکەکانی ئاسایش لەدەرەوەی شاری سلێمانی لەڕووی چاودێریکردن و ئاشناکردنی زیاتریان بەمافەکانی تۆمەتباران و بەندکراوان بەپێی پیوەرە نێودەوەڵەتییەکان و یاسا نێوخۆییەکان.

3- زیادکردنی دەسەلاَتی بەڕێوەبەری گرتووخانەکانە بۆ سەرەف کردنی زیاتر لەبڕی 150000 سەد و پەنجا هەزار دینار، بەمەبەستی دابین کردنی پێداویستی گرتووخانەکان لەکاتی گونجاودا.

4- دابین کردنی هێڵێکی پەیوەندی کردنی گشتی لەناو گرتووخانەکاندا،بەمەبەستی پەیوەندی کردنی بەندکراوان بەکەس وکاریانەوە، لەگەڵ دانانی خشتەیەکی کاتی بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی کردنی بەندییەکان بەبێ جیاوازی بەکەس وکاریانەوە.

5- گرنگیدانی زیاتر بەڕاگرتنی پاکوخاوێنی بەتایبەتی لەشوێنی خۆشتن و (تەوالیت)ەکان،و لابردنی ئەو بەتانییانەی کەوەك دەرگا بەکاردەهێنرێت لەو شوێنانەدا.

6- زیادکردنی ماوەی هاتنە دەرەوەی بەندییەکان بۆ دەرەوەی و بەرخۆرو ئەنجامدانی وەرزش، لەگەڵ زیادکردنی ماوەی بینین و سەردانکردنی کەس وکاریان .

**چالاکی سێهەم – لەڕووی دەروونیەوە :**

زانیارییەکانی راگیراوان بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە توێژەری دەروونی ئەنجامی داوە:

کۆی گشتی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجامدراوە لەگەڵ ڕاگیراواندا بریتیە لە (124) چاوپێکەوتن، لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردوو ڕەگەز کراوە، ڕێژەی بەشداربووانی نێر بریتیەلە (108) چاوپێکەوتن و وە ڕەگەزی مێ بریتیە لە (16) چاوپێکەوتن. دیارە کەمی ڕەگەزی مێ لەنێو زینداندا هۆکاربووە بۆ کەمی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاگیراوانی ئافرەتدا.

| ڕەگەزی ڕاگیراوان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 108 | ٪87 |
| مێ | 16 | ٪12.9 |
| کۆ | 124 | 99.90% |




سەبارەت بە باری خێزانی ڕاگیراوان، ڕێژەکە نزیکە لەیەکەوە، دەبینین لە (124) ڕاگیراو (64) ڕاگیراوییان هاوسەرگیریان کردووە، وە (57) یان سەڵتن و (3) ڕاگیراویش جیابونەتەوە لە هاوسەرەکانیان، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێك لە ڕاگیراوان ئاماژە بەوە دەدەن کە بەهۆی ئەو تۆمەتانەی لەسەری دەستگیر کراو.

| باری خێزانی ڕاگیراوان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هاوسەردار | 64 | ٪51.61 |
| سەڵت | 57 | ٪45.96 |
| جیابۆوە | 3 | ٪2.41 |
| کۆ | 124 | 99.98% |




**ئاستی خوێندنی ڕاگیراوان**

وەك لە ڕێژەکاندا دەبینین زۆرترینی ئەو ڕاگیراوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ئاستی خوێندنێکی کەمیان هەیە، بەجۆرێك کە زۆرترینی ڕاگیراوان لە ئاستی سەرەتایی خوێندندان، لەکۆی ئەو ڕاگیراوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە تەنها یەك تۆمەتبار گەیشتۆتە ئاستی زانکۆ.

| ئاستی خوێندنی ڕاگیراوان دەردەخات | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 15 | ٪12 |
| ئەخوێنێتەوەو ئەنوسێت | 17 | ٪13.7 |
| سەرەتایی | 49 | ٪39.51 |
| ناوەندی | 24 | ٪19.35 |
| ئامادەیی | 16 | ٪12.9 |
| پەیمانگە | 2 | ٪1.6 |
| زانکۆ | 1 | ٪0.80 |
| کۆی گشتی | 124 | ٪99.86 |




- سەبارەت بە پیشەی ڕاگیراوان، زۆرینەی ڕاگیراوان کاسبن، شێوەیەك لە کۆی (124)ڕاگیراو ڕێژەی (79) واتە(٪63) ڕاگیراویان کاسبن و کاری جۆراوجۆر لەشێوەی کرێکاری و وەستایی و کرین و فرۆشتن دەکەن.

**ئەو هۆکارانەی کە بۆتە گرفت بۆ ڕاگیراوان:**

| ئایا مامەڵەی کارمەندانی پۆلیس مرۆڤانە بوو لەگەڵت | | |
|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 73 | ٪58.87 |
| نەخێر | 50 | ٪40.32 |
| بێ وەلام | 1 | ٪0.80 |
| کۆ | 124 | ٪99.99 |

1- مامەڵەی نامرۆڤانەو ئەشکەنجەدانی ڕاگیراوان لەکاتی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەو پاش لێکۆڵینەوەش، بەجۆرێك لە (٪34.67)ی ئەو سامپڵە مامەڵەی نامرۆڤانەیان لەگەڵدا کراوەو ئەشکەنجەش دراون لە جۆری جەستەیی و دەروونی کە ژمارەیان لە کۆی گشتی (124)ڕاگیراو بریتیە لە(43)ڕاگیراو. ئەم شەکەنجەدانەش کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنی دەروونی و جەستەیی ڕاگیراوان بەجۆرێك ڕاگیراو هەبووە دوای چەند ڕۆژێك شوێنەواری ئەشکەنجە بەسەر جەستەیەوە دیاربووە.

| ڕێژەی ئەشکەنجەدان لای ڕاگیراوان؟ | | |
|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 43 | ٪34.67 |
| نەخێر | 73 | ٪58.87 |
| بێ وەلام | 8 | ٪6.45 |
| کۆ | 124 | ٪99.99 |

بەهۆی ئەو مامەڵەیی کە لە بنکەکاکنی پۆلیس و ئاسایش لەگەڵ ڕاگیرواندا کردویانە لە کۆی (124) ڕیژەی (50) ڕاگیراو باس لەوە دەکات کە مامەڵەیەکی مرۆڤانەیان لەگەڵ نەکراوە. لەهەمان کاتدا دەبنین(73) ڕاگیراو






2. درێژەکێشانی ماوەی ڕاگیرکردنیان بوونی ماوەی زۆر لە نێوان(2)دانیشتنی دادگادا، بەجۆرێك کە زیندانی هەیە زیاد لە 9 مانگ لە زینداندا ڕاگیراوە.

2- خراپی بارووددۆخی ناوگرتووخانەکان و نەبوونی هۆکاری کات بەسەربردن.
3- کەمی ماوەی تەلەفۆنکردنی بەندکراوان هەفتەی (2-3)جار و هەرجارێك لە 3 دەقیقە تێناپەرێت.
4- نارەزایی ڕاگیراوان لەو خواردنەی پێشکەشیان دەکرێت ڕۆژانە.
5- زۆری ژمارەی ڕاگیراوان لەناو گرتووخانەکانداو تێکەڵکردنی تۆمەتباری جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتریدا.
6- نەشیاوی ونەگونجاوی بینای گرتووخانەکان بەگشتی.

**دەرئەنجامەکان :-**

ئەو دەرئەنجامانەی لای ڕاگیراوان دروست بووە بەهۆی جۆری تۆمەت و ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو ومانەوەی زۆری ڕاگیراو بێ یەکلاییبوونەوەی کێشەکانیان خۆی لەم خاڵانەدا ئەبینێتەوە بەپێی ووتەی بەندکراوان:-

1- دروست بوونی بیرۆکەی خۆکوشتن لای ڕاگیراوان.
2- تۆڵە سەندنەوە لە دەسەڵات و ستاف بنکەو کەرتی پۆلیس و موکافەحە و ئاسایش و دادگا لای هەندێ لە ڕاگیراوان.
3- فێربوونی خووگرتن بە حەب خواردنەوە لای بەشێك لە ڕاگیراوان.
4- ترس و دڵەڕاوکێ و پەشێوی دەروونی لای ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕاگیراوان دروست بووە،

بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە کراوە لەگەڵ ڕاگیراواندا دان بەوەدا دەنێن کە تووشی دڵەڕاوکێ بوون و دیاردەی خەوزڕان و پەشێوی دەروونی لای ڕاگیراوان سەری هەڵداوە، لەکۆی (124) ڕاگیراو (95) یان ئاماژە بەوە دەدەن کە تووشی دڵەڕاوکێ بوون.

| ئایا لە زینداندا تووشی دڵەڕاوکێ بویت؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 95 | ٪76.61 |
| نەخێر | 28 | ٪22.58 |
| بێ وەڵام | 1 | 0.80 |
| کۆ | 124 | ٪99.99 |



5- **زۆرێك لە ڕاگیراوان هەست ئەكەن تووشی خەمۆكی بوون.**

هەرچەندە پشكنینێكی وردی پزیشكی نەكراوە بۆ حاڵەتی تووشبوون بە خەمۆكی، بەڵام بەشێك لەڕاگیراوان هەست دەكەن تووشی خەمۆكی بوون كە لە كۆی (124) ڕاگیراو، لەكاتی ئەنجامدانی چاوپێكەوتنیشدا توێژەر هەستی بە بە پەشێوی دەروونی كردووە لای بەشێك لە ڕاگیراوان.

| هەست ئەكەیت تووشی خەمۆكی بویت ؟ | ژمارە | ڕێژەی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 57 | 6 |
| نەخێر | 63 | 0 |
| بێ وەلام | 4 | 2 |
| كۆ | 124 | 3 |




6- خەوزڕان و بیرچوونەوە یەكێكی ترە لە دەرئەنجامەكان.

7- ووردتربوون لەئەنجامدانی تاوان و پەردەپۆش كردنیشی.

8- فێربوونی ڕەوشتی نەشیاو هەوڵدان بۆ ئازاردان و هەراسانكردنی كەسانی تر.

9- باوەڕیان بە دەسەلآت و سەروەری یاسا نەماوە.

10- تێكچوونی هاووسەنگی لەش و سەرهەڵدانی نەخۆشی جەستەیی تیایاندا یان زیادبوونی ئەو نەخۆشیانەی كە بەرلەدەستگیركردنیان هەیانبووە.

11- بەهۆی ئەو پەشێویە دەروونیەوە كە هەیانە بەشێك لە ڕاگیراوەكان لەڕێگەی چەقۆو گوێزانەوە جەستەی خۆیان دەبڕن، بەتایبەت سەرشان و قۆڵەكان.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەكی بەرچاوو لە زیندانیان ئاماژە بەوە دەدەن كەسودیان لەزیندان بینیوەو بۆیان بۆتە ئەزموون و وەك هۆكارێكی دەبینن بۆ دووبارە ئەنجامنەدانی تاوان و تێوەنەگلان لە تاوان، هەربۆیە كۆی ئەو زیندانیانەی كەچاوپێكەوتنیان لەگەڵ كراوە باس لەوە دەكەن كە لە زیندان ئازاد بن تاوان ئەنجام نادەن.

- سەرەڕای ئەوەی توێژەر فۆرمی بۆ زیندانیان پڕكردۆتەوە و چاوپێكەوتنی لەگەڵ كردوون، هاوكات ڕێنمایی دەروونی كردوون هاوكاری كردوون بۆ كەمكردنەوەی ئەو فشارە دەروونیانەی لەسەریان بووە، ئەمەش لەپێناو باشتر مامەڵەكردن لەگەڵ خۆیان و كەسانی دەوروبەرییان.

**چالاكی چوارەم: ئەنجامدانی ئیڤێنت:**

- لە شاری سلیمانی:
- شاری كەلار:
- شاری ڕانیە:
- شاری چەمچەماڵ
- شاری هەڵەبجە:
- شارۆچكەی پیرەمەگرون:

## چیرۆکی هەندێك لە راگیراوەکان لەسەر زاری خۆیانەوە

(1)

لە کارگەیەك ئیش ئەکەم، ئەو رۆژەی کە تاوانەکە ئەنجام درابوو من لە دەوامی کارگەبووم وە خاوەنی کارگەکەش شاهیدی بۆ داوم. ئەو رۆژە پاش تەواوکردنی کارەکانم رۆیشتمەوە بۆماڵەوە،لە دەرگادرا، کە دەرگام کردەوە دوو کەس بەجلی مەدەنیەوە وەستابوون و ووتیان:–ئێمە لە حکومەتەوە هاتووین و ئەبێت بێی لەگەڵماندا چونکە دزی کراوە لەناوچەی(........)و تۆ تۆمەتبارکراویت،بە پاڵ و بەزۆر منیان کردە ناو سەیارەکەیانەوەو ،دایکم لە حەوشەکەیا بوورایەوە، بەڵام هیچ رێگەیەکیان نەدا یارمەتی بدەم. لەو ناوچەیەی کە بە حساب دزی لێکرابوو ،لەبری کەرتی پۆلیس منیان برد بۆ ماڵێك و نیشانی کەسێکیاندام کە بە حساب من تەعدام لێکردووە، دوو کەسەکەی کە منیان فراندبوو بۆ ئەویٚ لێکۆڵینەوەیان ئەکردو هەرلەو ماڵەدا کەوتنە لێدانم بە شەق و بۆکس بەخۆیان و کەسێکی تریش،زۆر ئازاریاندام و دواتریش تەلەفۆنیان کرد بۆ بنکەی پۆلیسی ئەو ناوچەیە.4 پۆلیس هاتن بۆ ئەو ماڵەو دواتر بەهەر حەوتیان کەوتنە لێدانم بەشەق و بۆکس و قۆناغە تفەنگ و پاشان دەستمیان کەلەبچە کردو بردمیان بۆ بنکەی پۆلیسی (........)لەویٚ بە محاجەرەیەکەوە دەستمیان بەستەوەو بەهەر حەوت کەسەکە کەوتنەوە لێدانم جارێکی تریش ،واتە کەس و کاری ژنەکەش هەرچەندە سەربەکەرتی پۆلیسەکە نەبوون ئەوان لێدانەکانیان ئاراستەی سەرم و سکم ئەکرد، زۆر ئازارم پێگەیشت ، 2جار لەبەردەستیاندا بوورامەوەو هەردوو جارەکەش ئاویان کرد بەسەرمداو هۆشیان هێنامەوە و دەستیان کردەوە بە لێدانم،هەر لەویٚ سەریان شکاندم ، نزیکی دوو سەعاتێك لەویٚ مامەوە و پاشان گواستمیانەوە بۆ کەرتی پۆلیسی (.....).

لەو کەرتی پۆلیسەدا ملازم(.......)کە تەمەنی لە نێوان (25بۆ30)ساڵ ئەبوو ،ئەسمەرێکی بلاٚبەرز بوو،قژی هەڵدابوەوە ب دواوە دانیشتبوو ئەو ملازمە کارەکەی لەناو ئەو کەرتی پۆلیسەیا نەبوو، بەڵام ئەویش دەستی کرد بەئەشکەنجەدانم ،زللەیەکی توندی لێدام و ئازارێکی زۆر بە گوێچکەی چەپم گەیشت،گوێم لە هیچ نەما و پاش ماوەیەك خوێن لەناو گوێمەوە ئەهاتە دەرەوە .ئەو ملازمە قایشی پانتۆڵەکەی دەرهێناو و کەوتە لێدانی پشتم و سەرم پێی هەتا لەوێش بورامەوە.کاتێك هۆشم هاتەوە وورِبوبوم و زۆر ئاگام لەخۆم نەبوو، ئەوەندە حالی بووم لێیان داوایان ئەکرد وەرەقەیەك ئیمزا بکەم، منیش ووتم وەرەقەی چییە؟ یەکێك لەویٚ ووتی عەریزەی کەفالەتەو دواتریش تەلەفۆن بکە بۆ ماڵەوەو با کەفیلت بۆ بهێنن و بەرببیت.ئەوان هەڵیان خەڵەتاندم و ئیمزایان لەسەر شتیٚ پیٚ کردم کە من نەم ئەزانی چییەو نەم کردووەز پاش ئەوە بردمیان بۆ گرتووخانەی(.......)،نزیکی هەفتەیەك لەویٚ بووم بە بیٚ هێزی و بەورِی ،جگە لە ئازاری گوێچکەم و شوێنی لێدانەکانی سەرم و جەستەم ئاگام لە هیچی تر نەبوو پاش ئەو هەفتەیەش بۆ ماوەی(8)رۆژی تر من بەبەردەوامی داوام ئەکرد کە بەرێوەبەری ئەو گرتووخانەیە ببینم، هەموو ئەو (8)رۆژەش نەیان هێشت ببینم بەبیانووی ئەوەی کە میوانی هەیە یان لە ناو گرتووخانەکەدا نیە.

پاش(15)رۆژمانەوەم لەویٚ، بەرێوەبەرم بینی و داوام لیٚ کرد بمنێرێت بۆ لای دکتۆرو دادوەر، وە پیٚ ئەچوو کەسێکی باش بێت و پۆلیسەکانی گرتووخانەکەی بەمەبەست نەیان هێشتبیٚ لەوماوەیەدا من ببینم رۆژی شانزەهەم منیان برد بۆ لای حاکم (.......)،ئەو حاکمە رێگەی پێدام قسە بکەم ، پێم ووت بە 7 کەس لێیان داوم و ملازم (.....)پەردەی گوێی چەپمی تەقاندووەو خۆیان ئیفادەیان نووسیوە و بەناوی عەریزەی کەفالەتەوە هەڵیان خەڵەتاندووم و ئیمزایان پێکردوم، ووتم شکاتم هەیە لەسەر ئەو ملازمە و کەسە مەدەنیەکان کە ئەشکەنجەیان داوم.

ئەو قسانەم کردو حاکم ووتی:(درۆ ئەکەیت ،بەڵگە چیە کە تۆ پەردەی گوێت تەقیوە؟)ئەو حاکمە ئیحالەی پزیشکی کردم و پاش نزیکی (10رۆژ)منیان برد بۆ خەستەخانەی (......)و پشکنینی پزیشکەکە راپۆرتێکی نووسی سەبارەت بەلەدەستدانی گوێچکەم.

شکاتم لەو ملازمە کردو بە درێژایی 4 مانگ من چاوەروانی ئەوەبووم کە دادگا شتێکم بۆ بکات بەپێی ئەو راپۆرتە پزیشکیە مافم بسەننەوە، بەڵام بیٚ سوود بوو پاشان داوام کرد ئیحالەی سلێمانی بکرێم ،تاوەکو لەویٚ ئەو مافەم داوابکەم کە پێشێل کراوەو داوای تەعویز بکەم بۆ کەمئەندام بوونی گوێچکەم و بۆ گێرانەوەی ئەو کەرامەتەم کەلەسەر دەستی زۆر کەس شکێنرا بەبیٚ تاوان .ئەمەوێت تەعویزی ماددی ئەو ماوە زۆرەشم بۆ بکرێتەوە کە من کارەکەم لەدەست داوە بەهۆی ئەشکەنجەی توند و مانەوەی زۆرم

لەناوگرتووخانەدا تووشی حاڵەتی بێخەوی بووم، جاری واهەیە 3 شەوو 3 ڕۆژ خەوم لێناکەوێت، هەروەها تووشی نەخۆشی کۆڵۆن بووم و خواردنەکانی گرتووخانەشی کە زۆربەی ڕۆژەکان نەشیاوەو نۆك و فاصۆلیاو برنجە بەم هاوینە کێشەی کۆڵۆنەکەمی زیاتر کردووە.

(2)

ئەو ئێوارەیەی جەماعەتی کەرتی پۆلیسی(......)دابارین بەسەر ماڵەکەماندا، من و کورێکمیان گرت، ئەوان دەستیان کەلەبچە کردین و بە (4–5)کەس بە نۆبە بەشەق و بەلەقە بردیانینە بەردەرگاو سواری سەیارەیەکی نیسانی سپیان کردین، یەکێکیان سەری منی کێشا بەسەیارەکەدا ئینجا سەریان خستم، یەکێکی تریشیان لەناو سەیارەکەدا میلی دەمانچەکەی لێ هێنامەوەو ووتی اعتراف بکە باشترە بۆ خۆت.

هەر بەو سەیارەیە بردیانین بۆ موکافەحەی ڕۆژهەلأتی سلێمانی و لەوێشەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان (موکافەحەی سلێمانی)، هەتا گەیشتینە ئەوێ جوێنی ساردو سوکیان پێداین و هەرکەسێکیان کە دەستی یان قاچی پێمان بگەیشتایە لێی ئەداین.

لەناو موکافەحەدا ملازم(.....)بەزۆر پانتۆڵەکەی پێداکەنم لەگەڵ چەند کەسێکی تر ووتی (بابزانم لە دواوە دەستکاری کراویت؟!!) ووتم: (یاسا ڕێگەی نەداوە بەم شتانە!!!)ئەو ووتی (ئێمە خۆمان حکومەتین).

هەربەدەستی بەستراوەوە بە رووتی تێم کەوتن دەستیان کرد بە لەکارەبادانی ئەندامی نێرینەم بۆ چەند جارێك لەگەڵ ئەو ئەشکەنجە خراپەشمدا جوێنی ساردو سوکیان بەخوشك و دایکم ئەدا من تاوانێکم کردبوون هیچ پەیوەندی نەبوو بە دزی کە خستبوویانە پاڵم.

ئەوان بەردەوام بوون لە ئەشکەنجەدانم بەکارەباو جوێن پێدان تالای بانگی بەیانی، دواتر ڕێگەیاندام پانتۆڵکەم لەپێ بکەمەوەو بردمیان بۆ دەرەوەو دەستمیان بەستەوە بە محاجەرەی قادرمە بەرزەکاندا واتە هەڵیان واسیم بۆ ماوەی زیاتر لە 2 سەعات، پێستی هەردوو دەستم بریندارببوو خوێنی پیاهاتە خوارەوە بەڵام کەسێك نەبوو بەزەیی پیامابێتەوەو دەستم بکاتەوە، زۆر هاوارم کردوو زۆریش سوێندم دان کە دام بگرن، بەڵام ئەوان هەر هاوارو سوێنددانێکم بە زللەو بۆکس و کێبێل وەڵامیان ئەدایەوە، دنیا رووناك بوەوە، ئینجا منیان داگرت، لە شەکەتی ئەو شەوە ناخۆشی و پڕ ئەشکەنجەیەدا و لەو سەرمایە لەسەر ئەرزەکە خەوم لێکەوت، نازانم چەندێك بوو خەوم لێکەوتبوو،تەنیا ئەوەندە ئەزانم 2 کەس بەسەر سەرمەوە بوون و لێیان ئەدام بە کێبڵ و یەکێکیان بەرزی کردمەوەو سەرمی کێشا بە سوچی دەرگایەکدا، سەرم نەشکا بەڵام دواتر زۆر ئاوسا، لەدوای ئەشکەنجەدان و لەکارەبا دانەکەی ئەو شەوەوە، من قسەم پچڕ پچڕ بوەو زوو زووش قسەم بیرئەچێتەوە.

پاش ئەوەی بەو شێوە ناشرینە مامەڵەیان لەگەڵ کردم ئیفادەشیان نووسیبوو، بردمیان بۆ ژوورێك ژنێکی لێبوو ئەویش شتی ئەنووسی ، لێم پرسی :– (من پارێزەر بگرم؟)

ووتی:– (نا تۆ کێشەکەت زۆر سووکەو پێویست بە پارێزەر ناکات).

لە مکافەحە پێم ووتن :– لای دادوەر سکاڵاتان لەسەر تۆمار ئەکەم،ئەو ملازمەی کە ئەشکەنجەی دام و سوکایەتی پێکرم ووتی : (من حساب بۆکەس ناکەم و هەرەشەی زۆر لێکردم).

ئەوەی سەیر بوو لەناو دادگادا ئەوەبو کە من هەرچەندم کرد نەموێرا سکالاَ بکەم و باسی ئەوەبکەم کە ئەو ملازمە چۆن ئەشکەنجەی داوم، بەڵام لەوەش سەیرتر ئەوبوو کە دادوەرەکە نەخوێنی جێ کەلەبچەکان سەرنجی راکێشا، نە پرسیشی لایەکی سەرت بۆ ئاوساوە کە بە سووچی دەرگاکە ئاوسابوو.

(3)

ئێوارەیکی زستان کەلەدەرەوە بووم سەیارەیەکی (BM) لەبەردەممدا وەستا، کەسەکانی ناوی دابەزین و بەمنیان ووت :–ئێمە موکافەحەین، تورەکەیەکیان کرد بەسەرمداو دایانم بەئەرزدا و بەزەبری هێز دەستمیان لەدواوە بە راست و چەپ کەلەبچە کرد و

کردمیانە سەیارەکەوە، لەناوەراستتدا دایاننام و دوو کەسەکەی ئەملاوئەو لام زۆریان لێدام بە کلکە دەمانچە بە زۆری ئەیانکێشا بەسەرمدا و هەتا سەیارەکە وەستا لێدانم بەردەوام بوو.

کاتێك دایان بەزاندم ، یاریان پێئەکردم بە شەق، یەکێك بەلایەکدا شەقی تێهەڵئەدام و یەکێکی تر بەلایەکی تردا، هەر بەچاوی تاریك و بەستراوەوە بردمیانە ژوورەوە،لەویٚ ئەو تۆمەتانەیان پیٚ ووتم کە منیان لەسەری گرتبوو منیش ئینکاریم لێکرد، چونکە بەراستی نەم کردبوو، دوای ئەوەی تاوانەکەم رەت کردەوە، منیان دا بەئەرزداو هەردوو قچمیان بەستەوەو بەلەقەوە چونە سەرشانم چەند کەسێکی تریش لە دواوە ئەیان کێشا بە بنی پێمدا بە شتێك پێی ئەچوو داربێت، چونکە دواتر شکا بە دەستیانەوە زۆر ئازارم پێگەیشت  بەلێدانی بنە پێم، بەوەشەوە نەوەستان و بە شتیکی تریش کەوتنە فەلاقەکردنی بنەپێم کە پێئەچوو کێبڵ بێت، زۆر زەلیل بووم لەبەردەستیاندا، لەوەتی هەم خۆم ئاوا بە زەلیلی نەبینیوە، لە ئازاری بنە پێم و سەری پەنجەکانی قاچم زۆر زۆر گریام، تاوای لێهات ئەگریام فرمێسك بە چاومدا نەئەهاتە خوارەوە پاش ماوەیەك لەبەردەوام بوونی فەلاقەکردنی بنە پێم، بەبیٚ ویستی خۆم و لەتاوی ئازار ئەوەندەم زانی میزیشم کرد بەخۆمدا، هەرچەندە سوێندم ئەدان ئەاوان خراپتر لێیان ئەدام، دواتر بەو سەرمایە ئاویان پێدا کردم و هەرەشەی ئەوەیان کرد کە لە کارەباشم بدەن، بەلاّم ئەنجامیان نەدا. دواتر شوێنی لێدانەکانیان گواستەوەو لە کەلەکەم و گورچیلەیان ئەدام، زۆر پارامەوە ووتم گورچیلەم تەواو نیە، هیچ گوێیان لێنەگرتم و هەرەشەی مامەڵەی خراپتریشیان لیٚ کردم.

لەوکاتەوە هەتا ئێستاش کە چوار مانگ زیاتر تێپەریوە بەسەر دەستگیرکردنمدا، تووشی ئازاری ناو سك بووم و هەر خواردنێك ئەخۆم پاش ماوەیەك ئەیهێنمەوە.

(4)

بەپێی خۆم چوم بۆ کەرتی پۆلیسی (.......)وە خۆم تەسلیم کردو دانم نا بەو تاوانەی کە کردبوومنیەکێك لەوانەی ئەویٚ کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم بەتەمەن بوو، پاش ئەوەی گوێی لێگرتم، هەستایە سەر پیٚ ، زللەیەکی توندی لێدام ووتی:– درۆئەکەیت.

دواتر هەموو جلەکانی بەرمیان بەزۆر پێداکەندم و منیان کردە ژوورێکی تەنیاوە بەوسەرمای زستانە، پێش ئەوەی دەرگاکەم لەسەر دابخەن چەند پۆلیسێکی ئەو بنکەیە بە جۆرێك لە ئیزعاجی و تەماحەوە ووتیان:– (لەشت زۆر جوانە لە کچ بەتام تری! ! !).

ئێوارە بوو کە خۆم تەسلیم کرد بەلاّم تا نیوەی شەویش لە رێی پەرداغێك ئاوو نانێکیان نەگرتم، کاتێکیش دەرگایان لێکردمەوە ووتیان جل لەبەربکەرەوە سوکایەتی و ئیهانەی زۆریان کرد بەرامبەرم، ئینجا بردیانم بۆ دادگاو لەوێشەوە ئیحالەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانیان کردم.

یەکەم جاری بینینی دادوەرو دووەم جاری ماوەی نێوانیان (5 مانگ و 27 رۆژ)بوو ، ئەوە وای کردەوە لەبارێکی دەروونی زۆر خراپدابم. لێرە لەناو هۆڵەکەماندا خەڵکی زۆر بەدرەوشت و حەب خۆریشی تێدایە، چاودێری هۆڵەکەمان کەوەك ئێمە بەندکراوە ئەیویست کاری بەدرەوشتیم لەگەڵ بکات، کەبەرپەرچم دایەوە کەوتە لێدانم و بەچەند کەسێکی تری ناو هۆڵەکەش زۆریان لێدام. لەبەرئەوەی کەس و کارم ناتوانن سەردانم بکەن، من زۆر موحتاج و بێپارەم، لە بیٚ پارەییدا دەستم کردووە بە شتنی(شۆرت و فانیلەو جلی)ی بەندکراوانی تر.

پاش ماوەیەکیش لە هاتنم بۆ ئێرە زوو زوو قاعەکانیان ئەگۆریم و خەفەر قاعەکان چەند زابتێکیش ئیجباریان کردم لە خەڵکی تر بدەم لەبەرامبەر هەندیٚ شتدا، ماوەیەکی دوورودرێژ هەرکاتێك بەندکراوێکی تازە ئەهاتە هۆڵەکەمانەوە، پاش ماوەیەك گێچەڵمان پیٚ ئەگرت و لێمان ئەدا بەئەمری سەرو خۆمان. بەبیٚ ویست و ئارەزووی خۆم وام لیٚ هات بووم بە درندەترین کەس .

(5)

ئەو رۆژەی دەستگیرکرام بە تۆمەتی بەزاندنی سنوور، مامەڵەی ئەو چەکدارانەی کە منیان گرت،وای کرد من هەست بکەم تیرۆرستم، نزیکەی (15کەس)میلی کلاّشینکۆفیان لێهێنامەوە و دەستیان کەلەبچە کردم بە پاڵ کردیانمە ناو سەیارەیەکەوە، قسەی زۆر نەشیاویان پیٚ ووتم و گاڵتەی زۆریشیان بە خۆم و سمێڵم کرد.

کاتێك لە سەیارەکە دایان بەزاندم، هەستم ئەکرد بەدەست جەیشی (صدام)ەوەم،بە پاڵ و بۆکس کردیانمە ژوورێکی تەنیایی (1نیو – 2)م و ووتیان مافی قسەکردنیشت نیە.ژوورەکە زۆر پیس بوو پەنجەرەیەکی بچوکیشی تیابوو ،هەر لەبەیانیوە کە منیان دانا لە ناویدا، هەتا لای سەعات (5)ی ئێوارە دەرگایان نەکردەوە و قومێك ئاویشیان نەدا پێم و تەنانەت رێگەیان نەدا بچمە تەوالێتیش لای ئێوارەکەی بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك منیان برد بۆ کەرتی پۆلیسی(.......)لەویش بەبێ لێکۆڵینەوە (5)رۆژ منیان هێشتەوە، بەندکراوەکان بەخێبر خواردنیان بەش ئەدام.

پاش (5رۆژ)ەکە پەنجە مۆری هەر (10)پەنجەیان پێ کردم و هێنایانم بۆ گرتن و گواستنەوەی سلێمانی. لەوێ مامەڵەی زۆر خراپم لەگەڵ کرا، لەیەکەم لەحزەدا کەمن چوومە هۆڵە.کەوە خەفەر قاعەکە(.......)و بەرپرسی قاعەکەش بەناوی(......)گاڵتەی زۆریان پێکردم و شەریان ئەفرۆشت پێم و ئەیان ووت (ئەبێت سمێڵت بتاشیت!!). بۆ شەوەکەی دوو کەسی بەندکراو لەناو حەمامەکەدا پێ ئەچوو راسپێردرابن هاتن بۆم و جوێن و سوکایەتیان پێکردم و یەکێکیان هەڵیدام بۆ سوچی حەمامەکەو سەری شکاندم، بەردەوام بوون لە ئازاردانم تا ئەو کاتەی کورێك هات و ناوبژی کردو منی لەبەردەستان دەرهێنا .

هیچ چارەسەرێکیان نەکرد بۆ سەرم و رۆژی دواتر من سەرم شکێنرابوو لەگەڵ ئەو کەسەدا کە سەری شکاندم بەیەکەوە محجر کراین.

لەوێ ئیهانەی زۆر خراپ بەدینەکەم و خۆشم کراو کەسیش نەبوو سنوورێك دابنێت بۆی. پێئەچێت بەرێوەبەری گرتووخانەش ئاگای لەو پێشێلکاریانە نەبێت کە بەرامبەر بەندکراوان ئەنجام ئەدرێت بەئەمری هەندێ ئەفسەری ناو گرتووخانەکە، چونکە ئەگەر ئاگادار بێت، ئەوا زۆر لەسەر پۆست و کەسایەتی ئەکەوێت.

(6)

کاتی خۆپیشاندانەکان بوو کە من سەردانی قەزای (......)م کرد بۆ گۆرینەوەی سەیارە. لە سەیتەرەکە مەفرەزەیان دانابوو، ووتیان ئەبێت لەگەڵمان بێیت بۆ پرکردنەوەی بەلێننامە کە تۆ بەنیاز نیت ئاژاوەو کێشە لە قەزاکەماندا بنێیتەوە، منیش خوێندەواریم نەبوو لەگەڵیاندا چووم بۆ بنکەی پۆلیسی (.......)ئیمزای وەرەقەیەکیان پێ کردم و پەنجە مۆریان وەرگرتم و دواتر ووتیان هەموو خەڵکی شاری(.....)دزن. پاشان چاومیان بەستەوە کەوتنە لێدانم بە کێبڵ، ئەو کات پێیان ووتم کە من لەسەر دزی گیراوم ، هەردوو دەستمیان لەدواوە بە راست و چەپ کەلەبچە کرد و خستیانم بەدەمدا و بەلەقەوە چونە سەر باڵ و پشتم و بە کێبڵیش هەر ئەشکەنجەیان ئەدام . لە تاوی ئازاری باڵم و قۆڵم و لەترسی ئەوەی کە بشکێ لە ژێر قاچیاندا ووتم :– چیتان ئەوێ با وابێت من کردوومە.

پاش 7 رۆژ منیان احالەی سلێمانی کردو پاش دوو مانگێك منیان برد بۆ کەشفی دەلالە لەوێ نەم ئەزانی دزیەکە لە کوێ کراوە و لەکێ کراوە ووتم (من دزیم نەکردووە)، ئەوەندەم ووت و بەچەند کەسێك کەوتنە لێدانم، یەکێکیان ئەیکێشا بە رانی چەپمداو پاش تێپەربوونی چەند رۆژێك هێشتا رانی چەپم شین بوونەوەی پێوە دیارە.

(7)

رۆژی (2011/8/18) رۆژی پێنجشەممە کات 11 و نیو بنکەی پۆلیسی ( ........) تەلەفۆنی بۆ کردم، دوای پەیوەندیەکە یەکسەر گەیشتمە بنکەی پۆلیس، هەرچەندە نیو کاتژمێری مابوو بۆ دەوام.ئەو خێزانەی کە تووشی ئەم کێشەیە بوون(کوڕە تۆمەتبارەکە) لای من کاری کردووە بۆ ماوەیەکی زۆر پەیوەندی تەلەفۆنیمان هەیە، ئەو شەوەی کە کارەساتەکە ڕووی داوە عەسرەکەی من پەیوەندیم بەو کوڕەوە کردووە کە ئێستا تومەتبارە بەکوشتنی کوڕێك، بەهۆی ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیانەوە من گلاومەتە ناو کێشەکەوە، ئێستە ئێمە قۆناغی یەکەم و دووەمی لێکۆڵینەوەم بڕیوە، بەڵام دوای قۆناغی دووەم من داوای ڕووبەڕووبونەوەم کردووە لەگەڵ ئەو ماڵەی کە تۆمەتبارکراون بە کوشتن، لەگەڵ تۆمەتبارەکەو دایك و خوشکەکەی ڕووبەڕووبونەوەکە

کرا، تا ئەو کاتە هیچ شتێك ڕووبەڕووی من نەبۆوە، دوای ڕووبەڕووبونەوەکە، تا ئەوکاتە نە پەیوەندی تەلەفۆنی هەبوو نە سەردان، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم کە لە بنکەکە نە تەعزیب درام نە سوکاتیان پێ کردم، بەڵام زۆرجار شەوان لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ دەکرا.

دوای ڕووبەڕووبونەوەکە یەکێ لە ئەندامانی خێزانەکە کە گیرابوو ئەم ژنە دوای ئەوەی مواجەهەو سەردانی کرایەوە هەندێك لە ئیفادەکانی گۆڕی(لەژێر کاریگەری خزم و ماڵی خەزووری مێردەکەی) ئەمە بووە هۆی ڕاگرتنی دۆسیەکەی ئێمە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی یاسایی لەسەر من ساغ نەبۆتەوە، ئەگەر ئەوە هەبوایە، (دەنگی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان وەربگیرایەتەوە ئێوا ئێمە کارمان باش دەبوو). دوای دوو مانگ پارێزەرم گرت.

ئەو کێشەیەی منی تووشکردووە ئەوەیە لەو کاتەدا بەهۆی قەلەقی و شێواوی ئیفادەی هەڵەم داوە، کەسێك بۆ بەیانی ڕووداوەکە هاتە لام و پێی وتم کە ئەو ڕووداوە ڕووی داوە، بەلام من لای دادوەرو لێکۆڵەر وتومە شەو بیستومە، ئەو کات من بە لێکۆڵەرەکەم وت قەلەقم نازانم، حاکم براکەمی بانگ کردبوو پێی وتبو براکەت نەخۆشی دەروونی هەیە؟ بەڵام ئینسان لەوکاتەدا هەر تووشی قەلەقی دەبێت، بەڵام دادوەر ئەمەی کردۆتە بارێکی ترەوەو جێگیری کردووە لە دۆسیەکەدا، ئەمەش بۆتە خاڵێکی گومان، بەڵام من بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە شتەکەم ووتوە، چونکە بە خەیاڵیشمدا نەهاتووە کە لە قەزیەیەکی واوە تێوەبگلێم.

بۆ ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیانەی کە من لەگەڵ (.......)(کوڕە بکەرەکە) بۆ من بۆتە گرفت، بەڵام ئەو لای من کاری دەکرد، بە پچڕپچڕی بۆ ماوەی 3 بۆ 4 مانگ.

ئەوە ماوەی 23 ڕۆژە لێرەین و تا ئێستا احالە نەکراوین  بۆ دادگا و مەوعیدیشمان بۆ دانەنراوە، بەڵام لەدادگای لێکۆڵینەوەی (.........) لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کراوە.

نەدەبوو من ساڵێك ڕابگیرێم، چونکە قاتل دیارەو ماددەی (406) دەبێت بە 6 مانگ کۆتایی بێت. من ئێستا لە زیندان سەرقاڵی ئامادەکردنی کتێبێکم.

ئەوەی من نیگەران دەکات ئەوەیە کە یاسا سەروەر نییەو تەداخولاتی حزبی هەیە لە دۆسیەکەمان، ئەمەش وادەکات کە ڕێگەو شوێنە یاساییەکان بەباشی نەڕوات.

(8)

دەعواکەم لە کەرکوك بوو لە مەرکەزی ئازادی، لەوێ زۆر ئەشکەنجەیان دام، پێیان وتم ئەگەر اعتراف نەکەیت دەڵێن ئیرهابیەو دواتر کارەکەت قورستر دەبێت. لەوێ لەکاتێکدا مدعیەکەم لەبەرامبەرم بوو لێیان دەدام و کارەبایان لێدەدام. بۆ ماوەی 3 ڕۆژ لێیاندام، بەڵام یەکەم ڕۆژ زۆر زۆربوو، من لەژێر تعزیب و تهدید اعترافم کردووە، بەڵام ئەو کارەشەم نەکردووە.

ئەوان تۆمەتیان بۆ دروستکردووم، من تەنها پارەکەی خۆمم پێبوو، چونکە لەناو سەیارەکەیدا بە کیلۆ ئاڵتونی تیابوو من دەستم لێی نەدابوو.

دوای 17 ڕۆژ گوازرامەوە بۆ سلێمانی، کاتێ هاتمە ئێرە (گرتن و گواستنەوەی سلێمانی)مامەڵەیان زۆر باش بوو لەگەڵم، هیچ لێدان و اهانە نەبوو، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەس سەردانم ناکات کەسوکارم دوورن بەو هۆیەشەوە لایەنی دەروونیم زۆر هیلاکە.

ئەوەی کە شکاتی لێکردووم وتویەتی کە لەگەڵ خوشکەکەیدا کاری خراپم کردووە، بەڵام ئەو خوشکی هەر نییە، بەڵام ژنی مدعیەکەش هاتووە وتویەتی کەویستویەتی دەستدرێژیم بکاتە سەر.

من ئێستا محامیم نییە، لەبەرئەوەی پارەم نییە، هیچ کەس و ڕێکخراوێکیش ئەو کارەی بۆ نەکردووم، تا ئێستاش هیچ مەحکەمەیەك نەکراوم، لەبەر ئەوەی کەسم نییە، بەڵام ماڵی مدعیەکەم کە ماڵی لەشفرۆشی هەیە دووجاریش لێرە گیراوە بەواستەو ئەملاولا بەردەبێ، تائێستا نازانم کەی مەحکەمە دەکرێم، چونکە ڕۆژم بۆ دیاری نەکراوە.

(9)

له 5/11 له دائره دەوامم دەکرد، لەوکاتەدا مفوزەیێك هات و وتی (......) کارم پێتە، که هاتمه دەرەوە پیکابێکی دەبڵی لێبوو، وتیان سەرکەوە، که بینیم ملازم(.........) تیابوو که ڕقەبەرایەتی لەگەڵ من هەبوو، چونکه من کاریشم بۆ ئاسایش دەکرد، پێی وتم که کوڕێکی برادەرت گیراوە، کوڕێکی تر بەناوی (........) ناوی منی دابوو، ئەو وتی پێویستی به قسەی تۆ ناکات هێمن هەموو شتێکی وتووە، لەو کاتەدا ملازم (.....) وتی ڕاست دەڵێی باشه، ئەگەرنا له دەرگاکەوە هەڵت دەدەمه خوارێ، لەوکاتەدا سەیارەکەش له حاڵەتی ڕۆیشتندا بوو، هەروەها جلی عەسکەریشم لەبەردابوو. دوای ئەوەی چوینه ناو بنکەی نەهێشتنی تاوانی ڕۆژهەڵات لەوێ هەندێ پرسیاریان لێکردم و ئیفادەیەکی بۆ خوێندمەوە که من نەمدابوو، وتیان ئیمزاو پەنجەمۆری لەسەر بکە، لەوکاتەدا لێیاندام ، بەڵام جلی مەدەنیان بۆ هێنام دواتر زۆر ئەشکەنجەیان دام، تا بەیانی به کەلەپچەوە خەوتم، بەیانیەکەی منیان برد بۆلای دادوەری نەهێشتنی تاوان، دادوەریش هیچ گوێی لێ نەگرتم، حاکمەکه دەیوت ئێوە دزی تریشتان کردووە، ملازم (......) تەلەفۆنی بۆ ملازم (.......) کردبوو که ئەویش دزی لێکرابوو، ئەویشی بانگکردوو دەعوای لەسەر من تۆمارکرد، دوای ئەوە هێنایانم بۆ زیندانی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی، لەو کاتەوە یەکجار بردیوانم بۆ محکمە، بردیانمە لای حاکم (.......)لە جنایات، ئەو وتی کەشفی دەلالەیان پێکردووە؟ له کەشف دەلالەدا پێیان وتم ئەوکارە نەکەیت چی قەزیە هەیە دەیدەین بەسەرتدا، تا ئێستاش ئەو کەسەی دزیەکەی کردووە ناوی منی نەهێناوە و باسی منی نەکردووە کە منی له گەڵ بوبێتم. ئەو شێوازەی لێکۆڵینەوەی (......)بێزاری کردووم

(10)

ڕۆژێکیان چووم بۆ ماڵی خزمێکی خۆمان، چووم بۆ پلەیستەیشن وتیان لامان نەماوە، هاتمه خوارەوە دواتر ڕۆیشتم لەبەردەم دوکانێکدا سەیارەکەم کوژایەوە، ژن و پیاوێك هاتنه لام و وتیان چی دەکەیت؟ وتم خزمی ئەو ماڵەم، ئەوماڵەی دزیەکەیان لێکراوە دراوسێی خزمەکەمانە، ئەڵێ 17 ملیۆن و تاکێك بازنگم لێبراوە، دوای ئەوە ڕۆژێك 5 کەس به جلی مەدەنیەوە بەلێدان و جوێن منیان بردە ناوسەیارەیەکەوە، ئەمه له بازاڕی دارەسوتاوەکە، دواتر بردیانم بۆ مکافەحەو لەوێش هەر لێیان دەدام، ئەو ئێوارەیەش ڕەمەزان بوو بەڕۆژووبوم، کاتێ بردیانم بۆ لای حاکم یەکێ له پۆلیسەکان پێی وتم بۆیە حەزت له سجنه بۆ ئەوەی (.......) کەن. دواتر به دارو زللەو شەق لێیان دام، بەڵام له زیندانی گرتن و گواستنەوە هیچیان بەرامبەر نەکردووم. من دەمەوێ لەم تۆمەتە ڕزگارم بێت، کاسبم و کارم بەجێهێشتووە،(لەم کاتەدا دەستی کرد به گریان)، لەوماوەیەی که لێرەم دووجار دایك سەردانی کردووم و یەك سەعاتیش برایەکی گەورەم.

جارێکی تر دایکم بەگرتی دام ئەوە لەسەر وەرەسە بوو، من باوکم نەماوەو داوای وەرەسەی خۆم کرد، بەڵام جوێنم پێدا، لەسەر ئەوە بەگرتیان دام. من ئێستا محامیشم نییە، ماڵەوەش بۆم ناگرن.

***تێبینی: لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەم گەنجەدا دەرکەوت کە پەشێوی دەروونی هەیە، خۆشی دانی بەوەدا نا کە لەڕووی دەروونیەوە گرفتی هەیە، بەشێکی زۆری جەستەی خۆی به کەتەرو شوشه بریندار کردبوو که بەشێك له نیشانەکان تازە بوون، هەروەها جێگەی جگەرەککوژاندنەوەش به جەستەیەوە دیار بوو .***

(11)

کاتی خۆی من لەساڵی 2008 دوو برادەرم پێیان وتم دێیت لەگەڵمان بۆ ئێران، وتیشیان سەیارەمان پێیە، کاتێ ڕۆیشتم لەگەڵیان لەڕێگا وتیان ئەمە سەیارەی دزییەو دەیبەین له ئێران دەیفرۆشین و پێی دەچین بۆ ئێران، دوایی ئەوان چوون فرۆشتیان، من چوبومه سەر حدود، دوای ئەوەی نەمان توانی بڕۆین گەڕاینەوە بۆ سلێمانی بەهۆی شکاتەکەوە ئەو دوو برادەرەم گیران، دواتر دانیان بەوەدا نابوو که منیشیان لەگەڵ بووم، ئەوەبوو منیش گیرام ئەوان دانیان بەوەدا نابوو که تەنها من لەگەڵیان سەرکەوتووم و من دزییەکەم نەکردووە، وتبویان تەنها زانیویەتی که ئەوە سەیارەی دزییە، ئەوکاتە تەمەنم کەمبوو کەمیان لێدام، مانگێك تەوقیف بووم له خانەی تێبینی، دواتر 8 مانگ حکومدرام له نەوجەوانان.

کاتێ بەربووم چووم بۆ ئەوروپاو 11 مانگ لە ئەسینا بووم، لەوێ بە قاچاغی دەسوڕامەوە دواتر گرتیانم و ناردیانینەوە، دوای ئەوی هاتمەوە بۆ سلێمانی دەورەیەکی مەساحیم بینی و لەگەڵ خاڵم کە موهەندیسە دەستم کرد بە کارکردن.

ئەم کێشەیەی کە ئێستا لەسەری گیراوم لەم ماوەیەدا ڕوویدا، ئێوارەیەکیان ئەچووم بۆ ماڵی مامم لە کوردسات، لەوێ ئەڕۆیشتم دووکەس دانیشتبوون ئۆپڵێکی سپیان پێبوو، میلی دەمانچەیان لێ هێنامەوەو زۆریان لێدام، وتیان ئەم ماڵە بڕدراوەو تۆ دزیوتە، لەوکاتەدا سەیارەکەشم گەڕان هیچی تیا نەبوو، بەڵام دواتر بردیانم بۆ مکافەحە، شەو لە مکافەحە تەعزیبێکی زۆریان دام، بەچاو بەستراوی بە کارەباوکێبڵ و چەقۆ، بە گون بە قژ بەرزییان دەکردمەوە، ئەمە لەدەرەوەی بنکەی پۆلیسیش بوو، بردیانمە دەشتێکی چۆڵ لای کوردسات (5) کەس بوون لەناو دائرەکە بردیانم، جاروبار پۆلیسێك سەیری دەکرم و ئەوانیش لێیان دەدام، بەبەردیش دەیاندا بە قاچمدا، ملازم بوونازانم مفوز بوو، هەر تەلەفۆنی بۆ مدیرەکەیان(........) دەکرد، دەنگی دایووە دەرەوە ملازمەکەش هەر دەیگوت لێیدەن و بیکوژن، دوای ئەوەی ملازمەکە نینۆکی گرتم بە پلایس وتی هەموو نینۆکەکانت دەردەکەم خوێو لیمۆندۆزی تێدەکەم، هەر لەوێش میلی دەمانچەیان لێ راکێشام وتیان دەتکوژین، فیشەکێکیشیان تەقاند ،جوێنی ناشیرینان دەدا بە خۆم و بە دایکم، دوای ئەو هەموو ئەشکەنجەیە اعترافمکرد، ئەوەی نەشمکردبوو وتم من کردوومە، شل بووم هەموو جەستەم خوێنی لێدەهات، دواتر بردیانم بۆ لای سێ ماڵ (........)پۆلیس بوو دەیبردم بۆهەر ماڵێك دەیوت دەبێت بڵێی من کردومە، بەر لەوەی بمبەنە ماڵەکان خۆیان تەمسیلەکەیان فێردەکردم، ئەمە لای حاکم باس کرد دواتر تەلەفۆنی بۆ (.......) کرد، ئەو دەیوت من ئاگام لێ نییە. دوێنێش ماڵی هێنابووە بەرامبەرم دەیوت ئەمانیش دزییان لێکراوە، لەبەرچاوی مدیری (.........) کارەبای لێدەدام و جوێنی پێدەدام.

بەڵام کاتێ هاتم بۆ ئێرە(گرتن و گواستنەوەی سلێمانی ) مامەڵەیان باش بوو لەگەڵم.

ئەو کارەی لەگەڵیان کردم زۆر ئازارم پێ چەشتووەو لەکەرامەتی کەمکردومەتەوە.

تێبینی: هەستی بێتاقەتی و بێزاری زۆری پێوە دیار بوو، جێگەی ئەشکەنجە بە پشت و قاچی و دەستیەوە دیاربوو، کە هێشتا برینەکانی سارێژ نەبوبو.

(12)

لەدەربەندیخان گیرام، ماوەیەك پێش ئەوەی بگیرێم لە دێی (.......) لای ماڵێك شوان بووم، لەوێوە ئێوارەکەی هاتمە دەربەندیخان ویستم لەوێوە بچم بۆهەڵەبجە، ماتۆڕێکم پێبوو لەوێ وەرگەڕام و کوڕێك یارمەتیدام لەو کاتەدا من چەکێکم پێبوو کە لەو ماڵە هێنابووم ئەوان منیان بە دز لە قەڵەمدابوو، من شوانی 150سەر حەیوان بووم پێویستیم بە چەکبوو، بەڵام دوای ئەوەی کە شکاتیان لێکردم من چەکەکەم دایەوە بەو ماڵەو کێشەم لەگەڵیان نەما، بەڵام لە مەرکەزی (..........) بە زەبری ئەشکەنجەولێدان ئیعترافم کردووەو چوومەتە ژێرباری ئەوەی کە پیاوێکی تر 1000 دۆلاری لێ دزراوە کابرا پێی دەووتم 10 وەرەقەکەم بدەرێ لێت خۆش دەبم.

ئەمەوێت باس لەوە بکەم کە من دایك و باوکم نەماوەو لەلای برایەکم دەژیم جارێکی تر شەرم بوو لەگەڵ برازاکەم هەرچەندە زۆریشم هاوکاری کردوون، بەڵام شکاتیان لێکردم و بە ماددەی(413) گیرام.

تا ئێستا هیچ کەسێك سەردانی نەکردووم، محامیم نیە، چونکە کرێکارم وە بەهۆی ئەو تۆمەتەی دراوەتەپاڵم کەس سەردانم ناکات.

دوانزە شەو لە ژێر تەعزیب دابووم خەریکبوو دووجار خۆم بکوژم(دەستی پیشاندام کە هەمووی بە گوێزان بریندارکردبوو) ووتی لە بێزاریدا وام لە خۆم کردووە، کاتێك کابرای دزی لێکراویشیان هێنا بۆلام ووتی من ئەم کوڕە ناناسم. تا ئێستا دوجار ئیحالەکراوم بۆ دادگا زۆر بێزارم لەو تەعزیب و ئیهانەیەی بەرامبەرم کرا.

(13)

4 مانگ و نیوە ڕاگیراوم لێرە، مامەڵەی پۆلیسەکانی گرتن و گواستنەوە باش بوو لەگەڵم، بەڵام لەلایەن تۆمەتبارەکانەوە ئازار دراوم و جوێنیان پێدەدام، مامەڵەی زیندانیەکان لەگەڵم باش نییە، تەنها یەکێکیان نەبێت.

یەکەمجار کە گیرام بردمیانە مەحکەمەی ئاسایش لەوێ بۆ اعتراف کردن زۆر تعزیب درام، هەتا بە دەرنەفیز بە جەستەمیاندا دەکردو بە کارەبا لێیان دەدام، 4 ڕۆژ لە ئاسایش بووم دوای ئەو چوار ڕۆژە گوازرامەوە بۆ بنکەی پۆلیسی (.........)دوای دوو کاتژمێر ناردیانم بۆ گرتن و گواستنەوەی سلێمانی.

تا ئێستا شکاتکارم نییە، ئەوکاتەش کە گیرام تەنها لەدەرگای ئەو ماڵەم دا لەو کاتەدا ئاسایش گرتمی، بەهی تەعزیبەوە اعترافم لەسەر ئەوە کردووە کە ویستومانە کەسێك بکوژین، ئێستاش شویچنی ئەشکەنجەکان بە جەستەمەوە دیارە.

مامەڵەو تەعزیبی ئاسایش زۆر نیگەرانی کردووم.

(14)

کە گیرام لە سەرمادەی 406 بردیانم بۆ مکافەحە تەعزیبێکی زۆر درام، تەنانەت خەڵکیان لەدەرەوە هێناوە لێیان داوم، لەبەر ئەوەی شارەزای مەحکەمە نەبووم نەمزانیوە شکات بکەم. ئەو کەسانەش دەناسمەوە کە لێیانداوم، دوای ئەوەی اخراج بووم لە مادەی 406، دواتر بە مادەی 430 گیرام، 83 ڕۆژ مەحکەمەم نەبینی، تەداخولاتەکانیشم بە حاکم وتووە، مەحکەمە منی ڕاگرتووە بۆئەوەی من لەگەڵ خێزانەکەم جیا ببمەوە، ئەمەش غەدرێکە لە من کراوە، چومەتە لای حاکم سکاڵام تۆمار کردووە کە ئەو شێوەیە مامەڵەم لەگەڵ کراوە، دوای ئەوەی ماڵەکە تەنازولیان بۆ کردوم و دەڵێن هیچی لەسەر نییە، بەڵام حاکم مادەکەمی گۆڕیوە بۆ (405) دواتر بۆ (406) ئەمەش لەبەر ئەوەی لەوێ لە حاکم تورە بووم پێم وت چیت هەیە لەگەڵ ئەو کچەی (.......) کە خزمی مدعیەکانی منن. حاکم (......)وتبوی سکالای لەسەر تۆمار دەکەم، بەڵام من سکاڵام لەسەر تۆمار کردووە.

ئەوەی زۆر بێتاقەتی کردووم ئەوەی کە ناقانونی زۆرە، ئەگەر ناقانونی نەبێت چۆن حاکم بەو شێوەیە مامەڵە دەکات.

(15)

من لە عەلوەکەی سلێمانی کار دەکەم و ماتۆڕم پێیە، ئێوارەیەك درەنگ لە کۆڵانێکەوە دەڕۆیشتم، کابرایەك لە ماڵەکەی خۆیانەوە هاتە خوارەوەو پێی وتم تۆ دزیت کردووە لە من، هەر لەو کاتەدا کە من قسەم لەگەڵ دەکرد تەلەفرنی کرد بۆ پۆلیسی مکافەحە، ڕاستیەکەی من مەشروبیشم خواردبۆوە، سەرخۆش بووم. کاتێ پۆلیس گەیشتنە لامان هەندێ قسەیان لەگەڵ کردم و سەریان خستم، هەرلەو کاتەی سەرکەوتم دەستیان کرد بە جوێندان و لێدانم، دواتریش دوو شەو لەسەریەك لێیان دام و داوایان دەکرد اعتراف بکەم، لە مکافەحە بە کلکە دەمانچەو کێبڵ و کارەبا لێیاندام و بەبێ نان و ئاو دایاننام.

کاکە ئەوەندەت لێدەدەن ئەگەر شتەکەشت نەکردبێ دەبێت بیسەپێنی بەسەر خۆتدا، بەڵام من سەرەڕای تەعزیبی زۆر هەر وتم من نەمکردووە.

ئەو دوو ڕۆژە لە مکافەحە دووجار بردیانم بۆلای حاکم بۆ ئیفادە دان، دواتر مدعیەکەم هات و تەنازولی بۆ کردم وتی من لێی خۆشبووم و هیچم لەسەری نییە، هەر مدعیەکەشم زاواکەی محامیە ئەوی بۆ دیاریکردم کە ببێ بە محامیم، بەڵام تا ئێستا سەردانی نەکردووە بۆ سجن بۆ لام، تەنها لە محکمە تازەکە بینیومە کە بردیانمە ئەوێ.

من لەگەڵ دایك و نەنك دەژیم، من کاسبیان بۆ دەکەم، ئێستەعەریزەیان بۆ پڕکردومەتەوە بۆ ئەوەی بە کەفالەت ئازاد ببم.

(16)

یەکەمجار من لەو ماڵە بووم لە قرگە خاوەن ماڵەکە تەقەی لێکردم لە ترسی تەقەکان چوومە سەربانی ماڵەکە، خۆشم نازانم بۆچی چووم، من سەرخۆش بوومو ئاگام لێنەبووە کە چومەتە ئەو ماڵە.

دوای ئەوەی ئاسایش هاتن دواتر بردیانم بۆ مکافەحە سەرەتا بە لەقەو جوێن منیان کردە ناو سەیارەکەوە، یەکەم شەوو جلو بەرگیان پیدانام و وتیان برۆرە ئەو ژوورەوە، دواتر جلەکانیان پێدامەوە، بۆ بەیانی بە چاوبەستراوی و دەست بەستراوی ئیفادەیان لێوەرگرتم، 3 شەو ڕۆژ کردیانمە ژوورێکەوە هیچ باش نەبوون لەگەڵم نان و ئاو جێگەی خەوتن نەبوو. سوکایەتیان پێدەکردم دەرگایان

لێم نەدەکردەوە، حاکمیش پێم پێدەکەنی و رایدەبوارد. ئێستا کێشەی 3 ماڵیان هێناوەتە سەرم کەلەوناوە کراوە، من هەرچیم کردبێ دەیلێم بەڵام من دزیم نەکردووە، من کاسبم و پارەم زۆرە، بەڵام ئەم هەڵەیەم کردووە کە بەسەرخۆشی چومەتە ئەو ماڵەوە.

خاوەنماڵەکە قاسەی هەبوو کردبویانەوە، خاوەن ماڵەکە کە لە کەشف دەلالەکە ئەوەی کردبوو، کردمەوە بەڵام دەستکاری هیچم نەکردبوو. ئەوەی ناڕەحەتی کردم و لەکەرامەتی کەمکردمەوە ئەوەیە کە لە ئاسایش بەرامبەرم کرا.

(17)

من سێ برادەرم لەگەڵدا بوو دانەیەکیان مۆنیکای پێبوو، ناوی( ………)بوو. سەیارەکەی تێکچوو، دواتر هاتین بۆ سلێمانی لەسەیتەرەی تاسڵوجە رایانگرتین وتی هەویە، دواتر بەشەق و لێدان بردیانین بۆ مەرکەزی (…………)، لەوێ 2 پیاوی بەتەمەنیان هێنا وتیان 400 هەزار دینارمان لێدزراوە، دوای ئەوە بردیانین بۆ مەحکەمە بەشەو دوای 15 ڕۆژ بردیانینەوە بۆ بازیان دوو پیاوە بەتەمەنەکەیان هێنایەوە، یەکەمجار دوانمانیان دەرکرد وتیان ئەم دوانەن، ئێستا دوو پیاوە بەتەمەنەکە تەنەزولیان بۆ کردوین دەڵێن هیچمان لەسەریان نییە، بەڵام هەر بەرنابین، ئەوان دەڵێن ڕەمەزان پارەکەمان براوە منیش بە کتاب و شاهد دەیسەلمێنم کە لەدەوام بووم و ڕۆژی عارفە دابەزیوم، دواتر دەڵێن دووەم ڕۆژی جەژن، من لە تاوغ بووم چەند ڕۆژ دوای جەژن، ئێستە تەنازولی کردووەو دەڵێن ئەمانە نین.

لە بنکەی پۆلیسی (…………)چاویان دەبەستینەوەو لێیان دەداین، بەو هۆیەوە خوێن لەگوێمەوە دەهات، تا ئەم کاتەش نەنێردراوم بۆ مەحکەمە بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکەم. ئەوەی زۆر بێزاری کردووم ئەو لێدان و سوکایەتیە بوو کە لە (…………) بەرامبەرییان کردین.

(18)

من لە کابینەکانی قەشقۆڵی کار دەکەم، لەو شوێنەی ژوور تەسلیم دەکەم و وەری دەگرمەوە، ڕۆژێك بوك و زاوابەك هاتبوو، ئاڵتونی داناو ڕوشیتبوو بۆ ناو شوقەکان، دواتر کە ڕۆیشتنەوە ئاڵتونی لێ بەجێمابوو لە شقەکە، کاتێ من چومە شقەکە دۆزیمەوە، ئوان چوبون شکاتیان کردبوو، پێش ئەوەی شکاتم لێبکەن یەکجار ماڵەکە هاتن، بەڵام من نەمدۆزیبۆوە، دوای شکاتەکە لەلایەن بنکەی پۆلیسی ………. منیان گرت، لەوێ تەعزیبیان دام، هەفتەیك لەوێ بووم، بەشەق و زللە، من ئێستا کەسم لێرە نییە، محامیم نییە. ئەو ئاڵتونە تنها یەك ملوانکە بووە ئێستە دەڵێن 8 مسقاڵە. من بەنگلادشیم زۆر بێزارم کەس نایات بەلامدا کەسیش کەفالەتم ناکات.

(19)

ماوەیەك بوو کچێکم خۆشئەویست، بە باوکمم وت کە بچنە داوای و بۆم بهێنن، بەڵام باوکم وتی بۆت ناهێنم و لێم توڕە بوو وە دووسێ زللەی لێدام، ئەم کارە زۆر بێزاری کردم هەڵسام و لەماڵ هاتمە دەرەوە، تەلەفۆنم بۆ هاوڕێیەکم کردو چوین لەناو دارەکانی مامەیارە نیوقاپ ویسکی و 4 بیرەم هێنا دانیشتم و خواردمەوە لەوکاتەدا یەکێ لە هاوڕێکانم بەناوی ………. تەلەفۆنی بۆ کردم پێی وتم وەرە بۆ ماڵی ئێمە، چونکە خێزانەکەم لەماڵ نییەو ئەمشەو بەیەکەوە دادەنیشین، دواتر تەکسیم گرت و چوومە ماڵی هاوڕێکەم کاتێ چووم ماڵیالن بینیم مەشروبی دانابوو لەوێش نیوقاپ عارەق و 4 بیرەم خواردەوە زۆر تەئسیری لێ کردبووم، بەبۆنەی ئیشەوە وتم دەڕۆم بۆ ماڵەوە لەکاتی هاتنەوەدا کە هاتمە خوارێ لە ماڵیان خەریکبوو بکەومە خوارەوە، ئیتر هەر ئەوەندەم ئاگا لە خۆ بوو، دواتر بەیانی خۆم بینینەوە لە مکافەحە بووم، بەیانی کابرایەك هاتە بەردەمم و وتی سەیارەکەمت شکاندووە،لە مکافەحە زۆریان لێدام، بەو هۆیەوە لوتم پژاو دەستم بریندار بوو(هێشتا شوێنی برینەکە بەجەستەیەوە دیاربوو، هاوکات شوێنی شەق بە خوار ئەژنۆیەوە دیاربە، یەکەم ڕۆژ زۆر زۆریان لێدام، دوای ئەوە بردیانم دواتریش بردیانم بۆ لای دکتۆر، بەڵام تا ئێستا بانگ نەگراومەتەوە بۆ مەحکەمە، ئێستاکە باوکم و براکانم شاهدی ئەوە مەسەلەیەی منن، ئەوەی زۆر بێزاری کردووم ئەوەیە کە مکافەحە کە دەتگرێت داتدەنێت و لێت ناپرسێتەوە. ئێرە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە باشە، بەڵام کەم ڕێگەی تەلەفۆنکردنت پێدەدەن.

(20)

کابرایەك پارەی لێ برابوو لە پاصدا کە بڕەکەی 3 ملیۆن بوو، منیش لەو پاصەدا بووم، کابرا لە مەوقیفێك دابەزی و منیش لە مەوقیفێکی تر، نازانم کێی تر چوبووە تەنیشتیەوە، ئەویش وتبووی کابرایەکی ئاوهاو ئاوا بوو، ئیتر لەبەر ئەوەی من جارێکی تر لەسەر هەمان شبهە گیرابووم، لەبەر ئەوە یەکسەر منیان دەستگیرکرد، راستە من لە تەنیشت پیاوەکەوە بووم.

کاتێ بردیانمە مکافەحە وتیان تۆی، هەرچەندە وتم من نیم بەڵام هەر وتیان تۆی، کابرا وتی من بەچاوی خۆم نەمبینیوە، دواتر بە زەختیکی زۆر، بە لێدان بەسۆندەو لەقەو بە هەموو شتێك لێیاندام، 1 شەو لە مکافحە بووم، دواتر منیان هێنا بۆ ئێرە، کابرا شتەکانی داوە بەسەر مندا، من سێ ملیۆنەکەشم داوەتەوە، بەڵام کابرا هەر تەنازول ناکات.

(21)

من چووم ماڵەکەوە کەسیان لەماڵ نەبوو، دەرگای ماڵەکەم کردووە کەس لەماڵ نەبوو، دەگەڕام بە ماڵەکەدا زنجیرێکی ئاڵتوون و بڕێك پارەم دەستکەوت، دواتر منیان دەستگیرکردو تەلەفۆنیان بۆ 104 کردو هاتن منیان برد، دواتر بردیانم بۆ مکافەحەو 5 شەو لەوێ بووم کاتێ بردیانم بۆ لای حاکم یەکسەر اعترافم کرد، هەرچەندە من اعترافم کردبوو، بەڵام هەر بە سۆندەو شەق لێیاندەدام و قسەی ناشیرینیان پێدەوتم، برسییان کردم و بە حەوشەکەشدا ڕایاندەکێشام لەسەر پشت، زابت و پۆلیسەکان قسەی ناشیرینان زۆر پێوتم.

(22)

من بەپێی خۆم چووم بۆ مکافەحە چومە لای مدیرەکە، وتی ئەوە یەك ببینم دز بەپێی خۆی بێت بۆ پۆلیس، هەر لەوێدا پێیان وتم ئەگەر اعتراف نەکەی ئەوا بە لێدان اعترافت پێدەکەین، دوای ئەوەی زۆرییان لێدام بە دەست و بە کارەباو سوندەو جوێندان، 10 شەو لە مکافەحە مامەوە، خواردن هەر نەبوو، ئەوەی کە عەقڵ تەسەوری ناکات بەرامبەرم کرا، ببینە ئێستاش شوێنی لێدانم پێوەیە، (شوێنی لای لوتی پیشاندام کە دوای چەند مانگ هەر دیار بوو). ئەوە 10 مانگە من لێرەم، هەمووی تەنازولی کردووە کەچی بەرنابم، محامیەکەم دەڵێت حکوم دەخۆیت بەڵام کەمە، لای حاکم دەستم ناوە بە قورئاندا کە من ئاگام لێی نییە.

لێرە لە گرتن و گواستنەوە خواردنەکە باش نییە، مواجەهە کەمە، بەر هەتاو کەمە، ئەگەر کوڕە دەوڵەمەند نەبیت تەلەفۆنت کەم بەردەکەوێ.

ماوەی (8) شەو محجر کراوم، لەبەردەم ژوورەکەی حاکم (..........) نزیکەی 4 مانگ دەبێت چوینە ئەوێ شکاتی بکەیت کەلەژێر تعزیبدا اعترافمان پێکراوە، بەڵام بەلەقەو بۆکس بردیانینە ژێر قادرمەکان، کە دەشمانبەنەوە بۆ مکافەحە هەر قسەو جوێنمان پێدەدەن، ئەو هەموو لێدان و جوێنەی پێم درا لەکەرامەتی کەمکردومەتەوە.

(23)

برادەرێکم قەرزارم بوو، داوام لێکرد پارەکەم بداتەوە چونکە منیش قەرزاری خەڵکی تر بووم، بانگهێشتی کردم بۆ سەر شەستیەکە کە پارەکەم بداتەوە لەپاشان سەرکەوتمە ناو ئوتیومبێلەکەی و وتی دەچین بۆ ماڵەوە پارەکەت دەدەمێ، لەپاشان لەژێر پردەکەی دەباشان وەستا، شەو چووبووە نەژدەو داوای گرتنی منی کردبوو، بەهۆی ئەوەی قەرزاری یەکێکی ترم بەو هۆیەوە منی دا بەگرت، پاشان پارەکەشی نەدامەوە، من لەبەر ئەوەی خەریکی دروستکردنی ئوتیلێك بووم قەرزی خەڵکم لا بوو، ئەوەبوو خاوەن قەرزەکان شکاتیان لێکردم و لە بەرواری 2011/5/27 بەربووم، داوی ئەوە یەکسەر چووم بۆ هەولێر لەناو هەولێر گیرام بێ ئەوەی ئاگام لە هیچ شتێك بێت کەسێك ئۆتۆمبێلێکی کڕیبوو بە گرێبەستی یاسایی بەناوی (..........) کەفیلێکی دابوو بەناوی (............) منیان بە

ناوی ئەو کەسەوە دەستگیر کردبوو، بردیانم بۆ کەرتی پۆلیسی (...........) لە هەولێر، وتیان تۆ .(..........)ی پاشان من پێناسم نیشانداو وتم من ئەو نیم و ئێە بەهەڵەدا چوون، ئەو کەسە دەناسم بەڵام من ئەو کەسە نیم، لەبەردەم محقق عدلی هەولێر دەستم بەسترابوو بە کەلەپچە ئەو کات افادەیان لێوەرگرتم، کاتێ کەفیلەکەیان گرت کەفیلە دانی بەوەدا نا کە من ئەو کەسە نیم، ئەو کەفیلی ئەو برە پارەیە بوو کە بە قەرز وەرگیرابوو. (هەموو ئەو بەڵگانەی نیشاندام کە پێی ئازادکرابوو لە هەولێر_ توێژەر_).

دادوەری لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشەیە بەری نەدام، کەفیلەکە دەیوت ئەو نییەو پەیوەندی بەو کێشەیەوە نییە، بەڵام کابرای مدعی دەیوت ئەو واژۆی لەسەر ئەو گرێبەستە کردووە، پاشان کابرا شاهێدی هێنا بۆ دادگاو هەمووی سوێندی خوارد کە ئەم کابرایەمان نەبینیوە وە هیچ بەڵگەیەکی پێنەبوو پاش 6 جەلسەی دادگا، لەبەرواری 2011/10/30 بڕیاری افراجکردنی منی دا، پاشان لەلایەن بەڵگەی تاوانی هەولێرەوە ئەوە سەلما کە ئەو ئیمزایە هی من نەبو، بەڵام لە وێ لەناو سجن لەلایەن کەسێکەوە لێدرام، ئاگام لەخۆم نەبوو، پاش ئەوەی ئەفسەرەکە پشتگیری لێکردم و کەسەکەی زیندانی کردو قەرەوێڵەکەی لێوەرگرتەوە. هەرچەندە دکتۆری نەخۆشخانەکە پێی وتم دەبێت بچی بۆ نەخۆشخانە، بەڵام نەیانبردم.

بارودۆخی ناوسجنی هەولێر زۆر ناخۆشە و دەبێت 30 رۆژ تەواوکەی ئینجا 5 دەقیقە تەلەفۆن هەیە، ئەویش دەبێت عەریزە بنوسی بۆ بەڕێوەبەری سجنەکە دەبێت موافقە بکات لەوێ داواکرابووم بۆ سلێمانی، لە سلێمانی بە مادەی (432) لەلایەن کەرتی پۆلیسی (.........) داواکرابووم، گوایا هاوڵاتیەکم تهدید کردووە لە شاری بغداد، بەڵام من نەدەیناسم و نەبینیومە.

کە لەسلێمانی گیرام مامەڵەیان باش بوو لەگەڵم، بەڵام من گلەیی ئەوەم هەیە کە کارەکانت زۆر دوادەخەن، جاری وا هەیە کە لە بنکەکانی پۆلیس تۆمەتی ترت دەخەنە پاڵ.

(24)

لەسەر مۆبایلێك گیرام، مۆبایلەکە لەسەر مێزێك بوو من هەڵەم کردو دەستم پیاکردو بردم، بەیانی کە هاتمەوە ئەو شوێنە ئەو کوڕانە لەوێ بوون، خاوەنی مۆبایلەکە وتیان مۆبایلمان لێ دزراوە با بتگەڕێین بزانین تۆ نەتبردووە، هەر لەناو گیرفانمدا بوو دەریان هێنا، دواتر گرتیانم و تەلەفۆنیان بۆ 104 کرد، پۆلیس هات و بردیانم.

لەوێ کوڕەکان لێیاندام، بەڵام لە مکافەحە یەکسەر اعترافم کرد کە من ئەو کارەم کردووە، بەڵام هەر بە سۆندەو کارەبا لێیاندام، بەڵام قسەی ناشیرنیان پێ نەوتم.

1 رۆژ لە مکافەحە بووم، دواتر هێنایانم بۆ گرتن و گواستنەوەی سلێمانی، ئیرە باشن لەگەڵمان و کێشەم نییە.

مانگی 11 بنکەی گرتن و گواستنەوەی رانیە.

(25)

من لە حدود کارم دەکرد سەیارەم پێیە، لە حدود وڵاخدارێك کوژرا، زۆرجار لە حدود ئەمە ڕوودەدات و لەلایەن ئێرانەوە کۆڵبەرو وڵاخدار دەکوژرێت، کە کوژرابوو نەیانوێرابوو بیبەنەوە بۆ ئێران، ناوی من و دوو برادەری منیان داوە واتە براو خوشکەکانی ناوی ئێمەیان داوە، نازانم نەدەیناسم نە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، من کابرایەکی کاسبم، ئەوە ماەوی 7 مانگە لە گرتن و گواستنەوەم، دوای ئەوەی کەسوکاری تەنازولیان کردووەو وتویانە بۆمان دەرکەوتووە کە ئەمان نین و هیچمان لەسەرییان نییە، ئێستا براو خوشکەکانی تەنازولیان کردووە، دوای ئەوە شاهێدی ئەوەیان داوە کەئێمەیان نەبینیوە ئەو کارە بکەین، ئەو شاهدانەش کە لێرە گیرابوون بە کەفیلی چوار ملین ئازادکراون.

ئەوە 7 مانگە لێرەین تەنها ئیفادەمان داوەو هیچ جارێك نەبراوین بۆ محکمە، بڕیارە 12/7 محکمەمان بێت.

ئەو شاهدانەی هاتبوون بۆ شاهدی کە گرتیانن من چووم بۆلایان 15 زیندانی شاهدە منیان نەناسی کە خۆم پێناساندن، دواتر پێم وتن چۆن شاهدیتان لەسەر من داوە، ئەو پیاوەش کە لەسەر ئەو قەزیەیە گیراوە گوایە لەگەڵ من بووە لەناو سجن ناسیم، شاهدەکان دەڵێن سەعات 4ی ئێوارە ڕوویداوە، بەڵام من سەعات 2.30 گەڕاومەوەتەوە بۆماڵ.

مامەڵەی کارمەندانی پۆلیس باشە لەگەڵمان بەڵام ئەوە من 7 مانگە لێرەم و خێزاندارم حەقی ئەوە هەبوو مافی ئەوەمان هەبێت سەردانی خێزانەکەمان بکەین.

(26)

ئێمە معامەلەمان نەکردووە، بەس کەفیلین لە قەزیەی بردنی قەنەفە، بەقەرز بردبوویان بۆ ماوەی تا 2011/8/29 دەبوو پارەکەی بدەنێ، بەڵام کابرا لە 8/23 شکاتی لەئێمە کرد، هەرچەندە لە 8/24 پارەکەشمان دایەوە بە کابرا، کەچی دوای ئەوە ئاسایش گرتینی سوکایەتی زۆری پێکردین و سجنیان کردین لەئاسایشی (...............)، ئەو شەوە جوێنیان پێدەداین و لێیانداین، دوای ئەوە نقڵی شورتەیان کردین، بەزۆر خەڵکییان دەهێنا تا شکاتمان لێبکەن دوای ئەوە 5 شەو بردیانینە سجنی سلێمانی ئەو ماوەی 2 مانگیشە لێرەین.

لێرە باشین، بەڵام تائێستا نازانین دەرگای مەحکەمە لەکوێیە. من بەکەفالەت بەردەبووم، بەڵام هەر عەریزە دەدەم و دەیکاتە تەنەکەی خۆڵەوە، تەنانەت خێزانەکەم سەردانی کردبوو بە خێزانەکەمی وتبوو داوای تەڵاقی لێبکە، کە ئەمەش کارێکی خراپ بووە بەرامبەر بە من کردویەتی.

(27)

چەندین بەڵگەم لەبەردەستدایە کە ئەو قەزییەی منی لەسەرگیراوم لەو تاوانە بەدوورم، من کەمئەندامی سەنگەرم و خانەنشینم بەپلەی رائد، وەك سەرپەرشتیاری گەڕەکەکەشمان کارم دەکرد، گەرەکەکەمان هەژارنشینە، بۆ ئەو مەبەستەش چوومەتە لای شارەوانی و مەڵبەندی ڕێکخستن.

لە(...............) نەفەرێك کوژرابوو پێشتر لە 3ـ 2011/1/4 خزمێکی ئێمە کوژرابوو، تەقەی لێکرا خۆی کوژراو خێزانە دووگیانەکەی بریندارببوو، دوای ئەوە لە 8/7 کەسێك لە (...........) کوژرا کەسوکاری کوژراوەکە بەبێ ئەوەی من بناسن یەکسەر لیستێکیان کردبوو دابویان بە دادگا، ڕۆژی دواتر لەکاتی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە 4 سەیارەی پڕ چەکدار تەقەیان لێکردم لەنزیکترین شوێنی ئاسایش و قائمقامیەت و بەڕێوەبەرێتی پۆلیسن بەو هۆیەوە من بریندارببووم، بە معجزە ڕزگارمبوو، دوای ئەوە چووم بۆ سکاڵا نوسین لەبنکەی پۆلیسی (...........) لەگەڵ 4 خزمی خۆم بەبێ ئەوەی وتەمان وەربگیرێ دەستگیرکراین و هێنایانین بۆ ئێرە، ئەو کەسانەی کە تەقەیان لێم کرد یەك کەسییان گیراوە.

تا ئێستا تەنها ئیفادەمان لیوەرگیراوە، هەرچەندە ئێمە خاوەنی بەڵگەی ئاشکراو ڕوونین، بەڵام تا ئێستا هیچ جەلەسەیەکی محکمە نەکراوین.

کە من بریندارکراوم و خەڵکی گەڕەك شاهدن، بەلام دوای 3 مانگ و نیو هاتوون شاهدیان وەرگرتووە.

ئێرە وڵاتی قەزاو قەدەرە لێرە کەس گوێت لێناگرێت، دەنا بۆ دەبێت قەزیەکە ئەوەندەی پێ بچێت و لەماوەی 1 ماندا دەبوایە کۆتایی پێ بهاتایە. چونکە ڕەنگە خەڵك هەبێت لەبەر بێتاوانی پەنا بۆ خۆکوشتن بەرێت.

من لەلایەن پۆلیسەوە هیچ تەعزیب نەدراوم و مامەڵەیان باشە لەگەڵمانن وە سجنەکەش خاوێنەو باشە.

**چالاكی چوارەم: ئەنجامدانی 6 ۆرك شۆپ (event): -**

لە چوارچێوەی پرۆژەكەدا توانرا 6 ۆرك شۆپ ئەنجامبدرێت لە بەروارەكانی ( 26–9 و 13–10 و 20–10 و 30 –10 و 5–12 و 8–12)لە شارەكانی (سلێمانی – رانیە – هەڵەبجە – پیرەمەگرون– كەلار – چەمچەماڵ) كە تێیدا (118)كارمەندی پۆلیس و ئاسایش بەشداریان تێداكرد .لەسەر بابەتەكانی (مافەكانی تۆمەتبار لە كاتی لێكۆڵینەوەو رێگەگرتن لە ئەشكەنجەدان رێككەوتن نامەی سیداو تایبەت بە مافەكانی ژنان ) لەلایەن راهێنەر (مافناس یادگار جەلال)بابەتەكان ئامادەكرابون وە تێیدا بەشداربوان بە گەرمی و بە گرنگیەوە بەشداریان كرد لە ۆرك شۆپەكاندا وە بە پێی ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنانەی كە بۆ ۆرك شۆپەكان ئەنجامماندا دەردەكەوێت كەبەشداربوان رادەی زانیاریان و هۆشیاریان لەسەر بابەتەكان زیادی كردوەو داواكارن هاوشێوەی ئەم خولانەیان بۆ ئەنجام بدرێت

1- **گروپی یەكەم – شارۆچكە پیرەمەگرون**

**فۆرمی هەڵسەنگاندن**

ناوی بابەت : مافەكانی تۆمەتبارو بەرەنگاربوونەوەی ئەشكەنجەدان و مافەكانی ژنان

ناوی وانەبێژ: مافناس یادگار جەلال

بەروار : 2011/9/26

1. ئایا بابەتەكە بووە هۆی زیادكردنی زانیاریت ؟ بەڵێ [21] تاڕادەیەك [ ] خراپ [ ]
2. ئایا بابەتەكە پێشتر زانیاریت هەبووە لەسەری ؟ بەڵێ [21] تاڕادەیەك [ ] خراپ [ ]
3. ئاستی گەیاندنی بابەتەكە لەلایەن وانە بێژەوە ؟ زۆرباش [20] باش [ ] مام ناوەند [1] خراپ [ ]
4. تاچەند ناوەڕۆكی بابەتەكە پەیوەند داربووە بە خولەكە ؟ زۆر [21] باش [ ] مام ناوەند [ ]
5. بەدەنگەوە هاتنی رێكخراو بۆ دابین كردنی پێداویستییەكان ؟ زۆر باش [21] باش [ ] مام ناوەند [ ] خراپ [ ]
6. لایەنی بەڕێوەبردنی خولەكە لەلایەن ئیدارەی DHRD چۆن بوو ؟ زۆر باش [21] باش [ ] مام ناوەند [ ] خراپ [ ]
7. تێبینی و پێشنیار :

–1 داواكارن ئەم جۆرە خولانە بەردەوام بێت و هەموو ئاسەتەكانی پۆلیس و ئاسایش و بنكەكانی پۆلیس تێیدا بەشداربن . 21

–2 ئەگەر لەتوانادا بێت ئەو ۆرك شۆپانە لەناو بەندیەكاندا بكرێتەوە.

2- **گروپی دووەم – شارۆچكەی رانیە**

**فۆرمی هەڵسەنگاندن**

**ناوی بابەت : مافەكانی تۆمەتبارو بەرەنگاربوونەوەی ئەشكەنجەدان و مافەكانی ژنان**

**ناوی وانەبێژ: مافناس یادگار جەلال**

**بەروار : 2011/10/13**

1. ئایا بابەتەكە بووە هۆی زیادكردنی زانیاریت ؟ بەڵێ [17] تاڕادەیەك [16] خراپ [ ]
2. ئایا بابەتەكە پێشتر زانیاریت هەبووە لەسەری ؟ بەڵێ [14] تاڕادەیەك [19] خراپ [ ]

3. ئاستی گەیاندنی بابەتەکە لەلایەن وانە بێژەوە ؟ زۆرباش [25] باش [19] مام ناوەند [ ] خراپ [ ]

4. تاچەند ناوەڕۆکی بابەتەکە پەیوەند داربووە بە خولەکە ؟ زۆر [19] باش [11] مامناوەند [3]

5. بەدەنگەوە هاتنی ڕێکخراو بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان ؟ زۆر باش [9] باش [13] مام ناوەند [7] خراپ [4]

6. لایەنی بەڕێوەبردنی خولەکە لەلایەن ئیدارەی DHRD چۆن بوو ؟ زۆر باش [13] باش [17] مام ناوەند [3] خراپ [ ]

7. تێبینی و پێشنیار :

*بەردەوام بونی ئەم جۆرە خولانە لە داهاتوودا بۆ لێکۆلەرەوەی دادوەری و کارمەندانی ئاسایشی تێدا بێت . (5)

*خولەکە بووە هۆی گەیاندنی زانیاری بۆ کاری لێکۆڵینەوە و ڕێکخراوەکەش بەباشی هەڵسن بە کارەکانیان.

*بەردەوام بوونی ئەم جۆرە خولانە بە کاتی زیاتر بۆ سەرجەم بابەتەکان و ئاستەکانی کۆمەڵگا و قەزاو ناحیەکان . (13)

* پێویستە ئەم جۆرە خوولانە بە (پراکتیکی )بکرێتەوە باشترە

**گروپی سێیەم – هەڵەبجە 3-**

**فۆرمی هەڵسەنگاندن**

**ناوی بابەت : مافەکانی تۆمەتبارو بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و مافەکانی ژنان**

**ناوی وانەبێژ: مافناس یادگار جەلال**

**بەروار : 2011/10/20**

1. ئایا بابەتەکە بووە هۆی زیادکردنی زانیاریت ؟ بەڵێ [12] تاڕادەیەك [2] خراپ [ ]

2. ئایا بابەتەکە پێشتر زانیاریت هەبووە لەسەری ؟ بەڵێ [10] تاڕادەیەك [4] خراپ [ ]

3. ئاستی گەیاندنی بابەتەکە لەلایەن وانە بێژەوە ؟ زۆرباش [12] باش [2] مام ناوەند [ ] خراپ [ ]

4. تاچەند ناوەڕۆکی بابەتەکە پەیوەند داربووە بە خولەکە ؟ زۆر [4] باش [8] مامناوەند [ ]

5. بەدەنگەوە هاتنی ڕێکخراو بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان ؟ زۆر باش [6] باش [5] مام ناوەند [3] خراپ [4]

6. لایەنی بەڕێوەبردنی خولەکە لەلایەن ئیدارەی DHRD چۆن بوو زۆر باش [7] باش [3] مام ناوەند [3] خراپ [ ]

7. تێبینی و پێشنیار :

1– بەردەوام بوونی ئەم جۆرە خولانە و زیادکردنی کاتەکەی بۆ زیاتر هۆشیاری و بەرچاو روونی پۆلیس و ئاسایش و کارمەندانی هەموو بنکەکانی تیادا بەشداربن.

2– کردنەوەیئەم جۆرە خولانە لەناو بەندیەکاندا .

**4-گرووپی چوارەم – سلێمانی**

**فۆرمی هەڵسەنگاندن**

ناوی بابەت : مافەکانی تۆمەتبارو بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و مافەکانی ژنان

ناوی وانەبێژ: مافناس یادگار جەلال

بەروار : 30/10/ 2011

1- ئایا بابەتەکە بووە هۆی زیادکردنی زانیاریت ؟ بەڵێ [21] تاڕادەیەك [3] خراپ [ ]

2- ئایا بابەتەکە پێشتر زانیاریت هەبووە لەسەری ؟ بەڵێ [5] تاڕادەیەك [19] خراپ [ ]

3- ئاستی گەیاندنی بابەتەکە لەلایەن وانە بێژەوە ؟ زۆرباش [19] باش [5] مام ناوەند [ ] خراپ [ ]

4- تاچەند ناوەڕۆکی بابەتەکە پەیوەند داربووە بە خولەکە ؟ زۆرباش [19] باش [4] مامناوەند [1]

5- بەدەنگەوە هاتنی رێکخراو بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان؟ زۆر باش [10] باش [5] مام ناوەند [8] خراپ [1]

6- لایەنی بەڕێوەبردنی خولەکە لەلایەن ئیدارەی DHRD چۆن بوو ؟ زۆر باش [15] باش [7] مام ناوەند [1] خراپ [ ]

7- **تێبینی و پێشنیار :**

1-بەردەوام بوونی ئەم جۆرە خولانەو بەشداریکردنی ئەو ئەفسەرو کارمەندانەی کەلەوبوارەدا ئیش دەکەن گەیاندنی زانیاری پێیان و زیادکردنی کاتەکەی بۆ روونکردنەوەی زیاتری بابەتە 16

2-چۆن گرنگی دەدرێت بە کارمەندانی پۆلیس گرنگیش بدرێت بەهۆشیاری هاولاتیان ئەگەر لەلایەن دەزگای راگەیاندنەکانەوە بێت یان لە رێگای خولەکانەوە وە بابەتەکان بە وێنەوە روونبکرێنەوە باشترە.

**گرووپی پێنجەم – چەمچەماڵ 5-**

فۆرمی هەڵسەنگاندن

ناوی بابەت : مافەکانی تۆمەتبارو بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و مافەکانی ژنان

ناوی وانەبێژ: مافناس یادگار جەلال

بەروار :2011/12/5

1. ئایا بابەتەکە بووە هۆی زیادکردنی زانیاریت ؟ بەڵێ [9] تاڕادەیەك [1] خراپ [ ]

2. ئایا بابەتەکە پێشتر زانیاریت هەبووە لەسەری ؟ بەڵێ [7] تاڕادەیەك [3] خراپ [ ]

3. ئاستی گەیاندنی بابەتەکە لەلایەن وانە بێژەوە ؟ زۆرباش [9] باش [1] مام ناوەند [ ] خراپ [ ]

4. تاچەند ناوەڕۆکی بابەتەکە پەیوەند داربووە بە خولەکە ؟ زۆر [5] باش [5] مامناوەند [ ]

5. بەدەنگەوە هاتنی ڕێکخراو بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان ؟ زۆر باش [7] باش [3] مام ناوەند [ ] خراپ [ ]

6. لایەنی بەڕێوەبردنی خولەکە لەلایەن ئیدارەی DHRD چۆن بوو زۆرباش [12] باش [2] مام ناوەند [ ] خراپ [ ]

7. تێبینی و پێشنیار :

1-بەردەوام بوونی ئەم جۆرە خولانە لەم بوارەدا و ماوەی خولەکە زیادبکرێت.

2-کردنەوەی خولێك لەسەر پشکنینی مالّان.

3-گرنگی بدرێت بە هەموو هێزەکان بەتایبەتی هێزەکانی ئاسایش و بەرپرسە داراییەکانی پەیوەست بەلایەنەکانی بەڕێوەبردنی ناوچەکە.

4. کردنەوەی خول بۆ کەسانی ئاسایی و نەخوێندەوار.

## 6- گروپی شەشەم – کەلار

فۆرمی هەڵسەنگاندن

ناوی بابەت : مافەکانی تۆمەتبارو بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و مافەکانی ژنان

ناوی وانەبێژ: مافناس یادگار جەلال

بەروار : 2011/12/8

1. ئایا بابەتەکە بووە هۆی زیادکردنی زانیاریت ؟ بەڵێ [12] تاڕادەیەك [2] خراپ [ ]

2. ئایا بابەتەکە پێشتر زانیاریت هەبووە لەسەری ؟ بەڵێ [4] تاڕادەیەك [10] خراپ [ ]

3. ئاستی گەیاندنی بابەتەکە لەلایەن وانە بێژەوە ؟ زۆرباش [10] باش [4] مام ناوەند [ ] خراپ [ ]

4. تاچەند ناوەڕۆکی بابەتەکە پەیوەند داربووە بە خولەکە ؟ زۆر [8] باش [6] مامناوەند [ ]

5. بەدەنگەوە هاتنی ڕێکخراو بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان؟ زۆر باش [7] باش [3] مام ناوەند [4] خراپ [ ]

6. لایەنی بەڕێوەبردنی خولەکە لەلایەن ئیدارەی DHRD چۆن بوو؟ زۆر باش [8] باش [4] مام ناوەند [1] خراپ [1]

7. تێبینی و پێشنیار :

1-بەردەوام بوونی ئەم جۆرە خولانە 3

2-هەموو کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ بەشداربن لەم خولانەدا.

**ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەدەست هاتوون لە ساڵی 2011 دا بەبەراوورد بە ساڵی 2010 بەپێی ئەو فۆرمانەی کەلەگەڵ تۆمەتبارانی ڕاگیراودا پڕکراونەتەوە ئەم ئاماژانەی خوارەوە بە گۆڕانکاری بەدەست هاتووە لە پرۆکەدا دەردەکەوێت:-**

1- ماوەی مانەوەی تۆمەتباران بۆماوەی دوورودرێژ لە چاوەڕوانی دادگایکردنیاندا بەرێژەی 27٪ بۆ 25٪ کەمی کردوە.

2- ئەشکەنجەدانی جۆراوجۆری تۆمەتباران لە 23٪ بۆ 25٪ زیادی کردوە.

3- مامەڵەی خراپی کارمەندانی پۆلیس لەگەڵ تۆمەتبارانی ڕاگیراودا بە ڕێژەی 17٪ بۆ 9٪ کەمی کردوە.

4- وەرنەگرتنی ووتەی تۆمەتباران لە کاتی خۆیدا بەپێی یاسا لەلایەن بەرپرسانی لێکۆڵینەوە لە 17٪ بۆ 7٪ کەمی کردوە.

**پێشنیارەکان:-**

بە ئامانجی چەسپاندی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافەکانی تۆمەتبار بەتایبەتی وەهەروەها بە ئامانجی پێشخستنی کاری دام و دەزگاکانی پۆلیس ئەم پێشنیارانە دەخەینە ڕوو:-

1. جێبەجێکردنی پلانی کاری هەرێمی مافەکانی مرۆ ڤ بۆ سالی (2012 تا 2014)کەلەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و دەسەلاتی دادوەریەوە راگەیەنرا بەتایبەتی ئەو راسپاردانەی کەلەسەر باشترکردنی رەوشی مافەکان مرۆڤ لەناو گرتوخانەو مامەڵەکردن لەگەڵ بەندیەکاندا خرایە ڕوو .

2. بنکە سنووریەکان،بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو کەسانەش لەخۆ ئەگرێت کە لە دەرەوەی هەرێمەوە دێن، باشتر وایە خواردن بۆ راگیراوەکانی ئەو ناوچانە دابین بکرێت، چونکە بەشێك لەو راگیراوانە کەس و کاریان لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

3. دابین کردنی برێك پارە بۆ ئەو راگیراوانەی کە کەس ناناسن لێرە یان کەس سەردانیان ناکات لە گرتووخانەکەدا بۆ جێبەجێکردنی هەندێ پێداویستیان راگیراو هەیە لەماوەی (5مانگدا) کەسێك نەبووە سەردانی بکات.

4. دابین کردنی کتێب و گۆڤار بۆ بەندکراوەکان بۆ بەسەربردنی کات لەناو گرتووخانەکەدا .

5. سەردان کردنی زیاتری پزیشکی دەروونی بۆ گرتووخانەکەو زەرورەتی دانانی توێژەری دەروونی و کۆمەلأیەتی لەناو گرتووخانەکاندا بەو مەرجەی توێژەرەکان ئاستێکی باشی زانیاریان هەبێت وە ئارەزووی کارکردن بکەن لەناو گرتووخانەکاندا.

6. باشترە سەرنجی دادوەرەکان رابکێشرێت بۆ گرنگی دانی زیاتر بە تۆمەتباران و داوایان لێ بکرێت کە بوار بە تۆمەتبار بدەن قسە بکات لە دادگاداو لە کاتی بوونی شوێنەواری ئەشکەنجەدان لەسەر تۆمەتبار لە کاتی لێکۆڵینەوەدا یارمەتی تۆمەتبار بدەن بۆ تۆمارکردنی سکالاَ.

7. فشارکردنە سەر دەسەلأت بۆ بەرەوپێش بردن و دابین کردنی هۆیەکانی کەشف کردنی تاوان، لەبری بەکارهێنانی جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدان کە هەندێ جار کەم ئەندام بوونی بەندکراوی بەدوادا دێت، جگە لە دروست کردنی ئارەزووی تۆڵە سەندنەوە لای بەندکراو.

8. زیادکردنی کاتی تەلەفۆن کردن بۆ بەندکراوان، لەگەڵ زیاد کردنی ئامێری تەلەفۆن کردن لەناو گرتووخانەکەدا.

9. بەردەوام کردنەوەی خولی ووشیاریو زانیاری بۆ ستاف گرتووخانەکان لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان داو لەسەر مافی مرۆڤ و چەسپاندنی لەناو گرتووخانەدا .

10. خستنەگەری هەوڵەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەسەلأتی دادوەری بۆ زوو یەکلایکردنەوی کێشەی بەندکراوان،چونکە زۆر کێشەی کۆمەلأیەتی و دەروونی و ئابووریش دروست ئەبێت بۆ بەندکراو بە درێژە کێشانی یەکلایی بوونەوەی دۆسیەکان.

11. زیادکردنی ماوەی بەرخۆری بەندکراوان کە ئێستا هەفتەی 2 جارە.

12. گۆرینی سیستەمی خواردن و کەم کردنەوەی فاصۆلیاو نۆك و لۆبیا و نیسك لەناو ژەمە خواردنەکانی هەفتەدا، بەتایبەتی وەرزی هاوین.

13. دابینکردنی بەراد لەهەر هۆلێکی گرتووخانەدا ، لەبری ئەوەی بە درێژایی رۆژێك یەك قالب سەهۆڵ دابین بکرێت بۆ راگیراوان (لە وەرزی گەرمادا)

14. دابینکردنو سەرچاوەی گەرمی لە وەرزی زستاندا.

15. چاوخشاندنەوە بە ماددەی (24)ی اقامەدا یان بەزاندنی سنوور،بەتایبەتی بۆ هاولأتیە کوردەکان !!!

16. یارمەتی دانی بەندکراوان و ئیحالەکردنیان بۆ لای دکتۆر لەکاتی نەخۆشیدا ، چونکە ژمارەیەکی بەرچاوی بەندکراوان سکالأیان هەبوو سەبارەت بە ئیهمال کردنی لایەنی تەندروستی یان.

17. دابین کردن و تەواوکردنی ئەو پێویستیانەی کە ماوەیەکی زۆرە بۆ بینا تازەکەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی دابین نەکراوە.

18. دابین کردنی پێداویستی و کەل و پەلەکانی بینا تازەکەی بەرێوەبەرێتی پۆلیسی چەمچەماڵ (بەشی بەندیخانەکان)و دابین کردنی نەسریە بۆیان ،هەروەها دابین کردنی سەیارە بۆ ئەو بەرێوەبەرایەتیە.

19. فشارخستنە سەر نەخۆشخانە دەروونیەکانی سلێمانی و هەولێر بۆ لەخۆگرتنی ئەو بەندکراوانەی کە باری دەروونیان تەواو نیە، بۆ کەم کردنەوەی کێشە و فشارەکانی ناو گرتووخانەکان لەسەر ستاف بەندیخانەکان و بەندکراوەکانیش.

–

outcomes (describe results achieved)

1. پابەندبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەلأتی دادوەری و پەرلەمانی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی پلانی کاری هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە نێوان سالأنی (2012 بۆ 2014)دا بەمەبەستی باشتر کردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ و پاراستن و رێزگرتن لەو مافانە بەتایبەتی ئەو راسپاردانەی کەلەسەر گرتووخانەو بەندیەکان هاتووە .

2. هۆشیارکردنەوەی (118)کارمەندی پۆلیس و ئاسایش بە مافەکانی تۆمەتبار و لە قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنداو رێککەوتن نامەی تایبەت بە مافەکانی ژنان (سیداو) ،رێگەگرتن لە ئەشکەنجەدان لە دژی تۆمەتباران لە میانەی ئەو (6ۆرك شۆپە)ی کە ئەنجامدران.

3. هۆشیارکردنەوەی (580 بەندکراو)لەناو گرتووخانەکاندا لە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیاندا بە مافەکانیان لە کاتی دەستگیرکردن تاوەکو دادگاییکردنیان لە میانەی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە گەڵیان ئەنجامدراوە لە رێگەی چاودێرەکانی پرۆژەکەوە.

4. دەزگا باڵاکانی پۆلیس گرنگی زیاتر بە کاری چاودێری کردن دەدەن و مەبەستیانە کە بنکەکانی پۆلیسو گرتوخانەکان مامەڵەی دروست لەگەڵ تۆمەتباراندا دەکەن. ئەمەش لەو نوسراوانەدا دەردەکەوێت کە وەڵامی dhrd یان داوەتەوە وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە.

5. رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە چاودێری کردنی تیمی پرۆژەکەمان بۆ سەرجەم بنکەکانی پۆلیسو نەهێشتنی تاوان لە سلێمانی لە کاتەکانی دوای دەوامی رەسمیو شەوانو رۆژەکانی پشوو. ئاماژە بە نوسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی/فەرمانگەی یاسایی ژمارە (8943) لە 2011/4/18، نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ فەرمانگەی یاسایی ژمارە 5102/1 لە 2011/5/2، ژمارە (14083) لە 2011/6/9، دوای نوسراومان ژمارە (6) لە 2011/1/24.

6. داواکاری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بۆ پێدانی روونکردنەوەی زیاتر لەسەر پێشێلکاریەکانن بە مەبەستی چارەسەرکردنیان بە نوسراویان ژمارە (14340) لە 2011/6/13.

7. وەلامی نوسرامان ژمارە (49) لە 2011/6/21 سەبارەت بە بەدواداچوونو چارەسەرکردنی شوێنی راگرتنی بەندکراوان، بە پێی نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی /فەرمانگەی یاسایی کە ئاراستەی (بەشی پێداویستیەکان) کراوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی شوێنی بەندیەکان تا لەگەڵ ستاندرادە نیشتمانیو نێو دەولەتیەکاندا بگونجێت.

8. بە دەنگەوەهاتنی فەرمانگەی داواکاری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی (رئاسە الادعاو العام/دائرە الادعاو العام لاصلاح الکبار فی السلیمانیە) بە نوسراویان ژمارە (170) لە 2011/6/29 سەبارەت بە ناوەرۆکی نوسراومان ژمارە (39) لە 5–2011/6 سەبارەت بە نەشیاوی شوێنی بەندکراوانو بیناکانی بنکەکانی پۆلیسو بەڕێوەبەرایەتی گرتنو گواستنەوە لە (سلیمانی , هەلەبجە، رانیە، چەمچەمال، کەلار) لەگەڵ ستاندارەدە نێو دەولەتیەکانو هەروەها (بنەما نموونەیەکانی لانی کەمی مامەلەکردن لەگەل بەندکراواندا)و هەروەها بە پێی دەستوری عیراقیو یاساکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی گرتوخانەکانداو هەروەها داواکردن لە رێکخراوەکەمان بۆ هاوکاری کردنیانو ئاگادارکردنەوەیان لە کەموکوریەکان بە مەبەشتی چارەسەرکردنیان.

9. گرتووخانەی کەلار جۆری خواردنەکەیان زۆر خراپ بوو بۆیە بەرپرسی گرتووخانەکەمان لێ ئاگادارکردەوەو ئەویش لە وەڵامدا ووتی تا ئێستا هیچ کۆمپانیایەك نەهاتووە بۆ ئەوەی داوا بکات خواردن دروست بکات بۆ گرتووخانەکە ئەوانیش وەك بەرێوەبەرایەتی ناتوانن خواردنیان بۆ دابین بکەن لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆرە چاودێری پرۆژەکە پێی راگەیاندون کە کۆمپانیایەك ئاگادار دەکاتەوە بۆ دروست کردنی خواردن ئەگەر بەرێوەبەرایەتیەکەیان ئامادەبێت گرێبەستی لەگەڵدا بکات بەپرسی گرتووخانەکە رەزامەند بووە کە گرێبەستەکەی بۆ ئەنجامبدات.

چاودێری پرۆژەکە لەدوای گەران بۆ کۆمپانیایەك ئەو کۆمپانیایەی ئاگادارکردۆتەوە کە خواردن بۆ نەخۆشخانەکانی گەرمیان دروست دەکات هەر ئەو رۆژە چوونە بۆ لای بەرپرسی گرتووخانەکەو گرێبەستیان کردوە لەگەڵیاندا ئێستا لەبەرواری 2011/4/18 وە خواردنی گرتووخانەکە کۆمپانیا دروستی دەکات و جۆری خواردنەکەش باشە . بەرێوەبەرایەتی گرتوخانەکە زۆر سوپاسی چاودێر و رێکخراوەکەی کرد بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە.

10. لابردنی کامیرای چاودێری لە گرتوخانەی رانیە بەشی ژنان بە پێی نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی/جولآن ژمارە(12920) لە 2011/5/30 بە سەرپەرشتی بەڕێز (عمیدی پۆلیس/ کازم عبداللە محمد)، نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزاکان ژمارە (11152) لە 2011/5/15 دوای نوسراومان ژمارە (25) لە 2011/5/11.هەروەها لابردنی کامیرای چاودێری لە گرتوخانەی رانیە بەشی پیاوان بە پێی هەردوو نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی/فەرمانگەی یاسایی ژمارە 14339 لە 2011/6/13 و نوسراویان ژمارە (17165) لە 2011/7/17 دوای نوسراوی DHRD ژمارە (38) لە 2011/6/5.

11. بە دەنگەوە هاتنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە سلێمانی بۆ راپۆرتی dhrd| سەبارەت بە دوو راگیراو کە پێشێلکاریان بەرامبەر ئەنجامدراوە بە دواداچوونی بۆ دەکەن‌و چارەسەری دەکەن هەروەها هەولدەدەن ماوەی چاوپێکەوتنی تۆمەتباران زیاد بکەن‌و هەروەها زیادکردنی ماوەی تەلەفۆنکردنیان‌و پاشان ئەوان وەك ئاسایشی گشتی هەولدلنیانداوە کە کارو چاکسازی باش بکەن لە گرتوخانەکانداو هەر کەموکوڕی‌و پێشێلکاریەك هەبووبێت ئەوا بە بەرنامە نەبووەو حالەت بووەو هەروەها راپۆرتەکانی dhrd یان بەرزنرخاندووەو داوایان کردووە پێش ئەوەی DHRDراپۆرت بلاوبکاتەوە راوێژ لەگەڵ ئەوان بکەن تاوەکو پێش بلآوکردنەوەی هەر کەموکورتی و پێشێلکاریەك هەبێت نەهێڵرێت.

12. بە دەنگەوە هاتنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان‌و جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە سەرای کۆسپ‌و تەگەرەگان‌و و نەبوونی جۆرەها ئامرازی پێویست‌و گرنگی سەردەمیانە پابەندی تەواو بن بە ڕێزگرتنی بنەماکان‌و پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گونجاو هەروەك ئاماژەیان پێداوە بە نوسراویان ژمارە (3744) لە 2011/6/15 ، دوای نوسراومان ژمارە (36) 2011/6/5 سەبارەت بە بەدواداچوون لەسەر ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە لە بەرێوەبەرایەتی ناوبراو ئەنجامدراون.